
وتووێژی تایبەتیی تیشک تی ڤی ...



٤

جامی ژەهر و گومانە ...




٨

حەسەن ڕووحانیش لەگەڵ کورد...



٩

توندوتیژی دژی ژنان، ئاکاری دژە مرۆیی




١١

خەبات لە پێناو ئاندا



١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـــانی ئێـــران

**بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕێککەوتنی ناوکی لە ژێنێڤ**

بڕوانە لاپەڕەی ٢

**وتووێژی تایبەتی تیشک تی ڤی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

بڕوانە لاپەڕەی ٤و٥

ژمارە ٦١٨، شەممە، ١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢، ٧ی دێسامبری ٢٠١٣، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

# ماندێلا بەرەو هەرمان چوو



جێکۆب زووما سەرکۆماری ئافریقای باشوور، ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٥ی دێسامبری ٢٠١٣، بە فەرمی کۆچی دوایی سەرکۆماری پێشووی ئافریقا، ڕێبەری بزووتنەوەی دژە ئاپارتاید و براوەی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی لە ژوهانسبوورگ ڕاگەیاند.

دەوڵەتی ئافریقای باشوور هەر بەم بۆنەیەوە ڕایگەیاند کە بۆ ڕێزگرتن لە ڕێبەری خۆشەویستی ڕەش پێستەکانی ئافریقا، تا پاش کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی بەخاك ئەسپاردنی ئاڵای وڵاتەکەمان لە نێوخۆ و باڵوێزخانەکانماندا نیوەهەڵکراو دەبێ.

بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی ئەم ڕێبەرە مەزنەی خەباتی دژە ڕەگەزپەرەستی، لە هەموو جیهاندا دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبووە.

ئامریکا و بریتانیا ئاڵاکەیان بە شێوەی نیوە هەڵکراو لێکرد و دەوڵەتی هیندووستانیش ٥ ڕۆژ ماتەمینی سەرانسەریی ڕاگەیاند.

باراك ئۆباما سەرکۆماری ئامریکا،دەیوید کامێرۆن سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، فرانسوا ئۆلان سەرکۆماری فەرانسە، ڤێلادێمیر پووتین سەرکۆماری ڕووسیە، بان کی مۆن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی هەموو جیهان بە ناردنی پەیام و پێشکەش کردنی چەند وتەیەك ماندێلایان وەك قارەمانێکی هەمیشەیی مێژوو ناودێر کرد و هاوخەمیی خۆیان دەربڕی.

مارتین شووڵتێز سەرۆکی پارلمانی ئوروپایش وێڕای سەرەخۆشی لە دەوڵەت و نەتەوەی ئافریقای باشوور وتی: "ئافریقا باوکی خۆی و جیهانیش یەکێك لە قارەمانەکانی مرۆڤایەتی و مەزنایەتیی هاوچەرخی لەدەست داوە".

فریدریك.د.کلارك دوایین سەرکۆماری سپی پێستی ئافریقای باشوور وتی: "ماندێلا بە مێهرەبانی و مرۆڤایەتیی خۆی ئافریقا یەکگرتوو کرد".

خوولی ساسا ماندێلا لە ساڵی ١٩١٨ لە ترانسکای ئافریقای باشوور لەدایك بوو. ٩ ساڵ تەمەنی هەبوو کە مامۆستای سەرەتایی مێتێدیست (لقێك لە کلیسای پرۆتستان) لە کۆنۆی ئافریقای باشوور ناوی ئینگلیزیی نێلسۆنی بۆ هەڵبژارد.

ماندێلا ساڵی ١٩٤٢ لە زانکۆی فۆرت هایەر دەرکرا و ساڵی ١٩٤٣ چووە ریزی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقای باشوور و پاشان ساڵی ١٩٥٨ فەرماندەیی لقی سەربازیی ئەم ڕێکخراوەیەی لەئەستۆ گرت.

ماندێلا ساڵی ١٩٦٠ خەباتی چەکداریی دژی سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانەکان ڕێکخست و پاشان دەستبەسەر کرا و دوای ٤ ساڵ دادگایی کردن، ساڵی ١٩٦٤ بە تۆمەتی خیانەت بە وڵات بڕیاری بەندیخانەی هەتاهەتایی بەسەردا سەپا.

ئەو پاش ٢٧ ساڵ مانەوە لە بەندیخانە، ١١ی فێورییەی ١٩٩٠ ئازاد کرا. ساڵی ١٩٩٣ بە بۆنەی خەباتی ئاشتیخوازانەی ماندێلا دژی ڕێژیمی ئاپارتاید، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێشکەش کرا.

ساڵی ١٩٩٤ وەك یەکەم سەرکۆماری ڕەش پێستی ئافریقای باشوور هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٩٩دا خانەنشینیی سیاسیی خۆی ڕاگەیاند.

یەکێك لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ماندێلا یەکیەتیی نێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکانی ئافریقای باشوورە.

ئەو پاش خانەنشینیی سیاسیی ڕێکخراوی خێرخوازیی "نێلسۆن ماندێلا"ی دامەزراند.

ماندێلا لە هاوینی ئەمساڵدا و بە هۆی لاوازبوون جەستەوە لە نەخۆشخانەدا خەوێندرا بەڵام پاش ماوەیەك برایەوەماڵەکەی خۆی و لە ژێر چاوەدێریی چڕی پزیشکیدا بوو و بەداخەوە ئەو گەورەپیاوە لە ڕێکەوتی ٥ی دێسامبری ٢٠١٣ و لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### دروشمی بێ بنەما

حەسەنی ڕووحانی، سەرۆك کۆماری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران، ئەمجارەیان لە دەرگای داخراوی مافی شارۆمەندانی داوە و کلیلی ژەنگاویی دەوڵەتی بەناو تەدبیر و هیواکەی لە قفڵی داخراو و پلۆمپ کراوی سەر مافە شارۆمەندییەکان وەرداوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی ڕێژیمی ئێران، پێشنووسی ڕاگەیەنداوێکی بە ناوی "مەنشووری مافە شارۆمەندییەکان" بڵاو کردەوە کە گوایە ئەو مەنشوورە ڕێکار و ڕێوشوێنە گشتییەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە مافەکان و ئازادییەکانی تاکەکان دیاری دەکات.

بنەمای مافە شارۆمەندییەکان لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا دەستوور یا یاسای گشتی وڵاتە کە لە سەر بنەمای مافی تاك و کۆمەڵ لە بڕیاردانی سیاسیدا و بەپێی ڕاگەیەنداوی جیهانیی مافی مرۆڤ، کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئامادە کرابێ.

بە ڕوانینێکی سادە بۆ مەنشووری مافی مرۆڤی ڕووحانی، بێ ناوەرۆك بوونی بە ڕوونی دەردەکەوێت. لەو مەنشوورەدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، بڵاوکراوەکان و تەنانەت وێبلاگ و سایت و ڕۆژنامەکانیش کراوە، باس لە ئازادیی ژنان کراوە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی جل و بەرگدا، بەڵام لە زۆربەی هەرەزۆری دێڕەکانیدا لە دەستەواژەگەلی "مەگەر بە حوکمی دادگای ساڵحە"، "لە ئەگەری ڕەچاوکردنی یاسادا"، "لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە یاساییەکاندا"، "لە حاڵێکدا کە دژی بنەماکانی ئیسلام و تەکوزی گشتی نەبێت"، "لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکاندا"، "مەگەر بەپێی یاسا" و. . . کەڵك وەرگیراوە. بەڵام ئایا کێشەکانی ژنان لە ئێراندا تەنیا چۆنیەتیی لەبەرکردنی جل و بەرگە؟ ئایا لەو مەنشوورەدا گرتنەدەستی هەندێ پۆستی هەستیار وەك سەرۆك کۆماری، دادوەری و... وەك مافێکی ڕەوای شارۆمەندی بۆ ژنان ڕەچاو کراوە؟ ئەی ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە بەهۆی جیابیرییەوە لە چاڵەڕەشەکان ئاخێنراون، ئەو مەنشوورە دەیانگرێتەوە؟ ئایا باڵادەستیی وەلیی فەقیە و شیعەی ئەسناعەشەر بوون وەلا دەنرێت و ڕێگەی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بە تاکی ئێرانی دەدرێت؟

سەروبنی مەنشوورەکە پشتبەستوو بە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمە و ئەو یاسایەش تەژی لە هەڵاواردن و شکاندنی کەرامەتی ژنان و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانە، تەنیا کۆمەڵێك دروشمی زێڕینن کە بە بەرگی وشەی هەڵخڵەتێنەر داپۆشراون و ئەرکیان پاراستنی سیستمێکە کە لەودا مرۆڤ و مافەکانی تەنیا ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەلی فەقیە.

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕێککەوتنی ناوکی لە ژنێڤ

دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ، گێرە و کێشە و گوێنەدان بە ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاری سیاسی و ئابووری گەمارۆ و سزا ئابوورییەکاندا، بەناچاری چۆکی دادا و ملی بۆ گوشاری نێونەتەوەیی راکێشا و لە ٢٤ی نۆڤامبری ٢٠١٣دا، ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ گرووپی ناسراو بە ١ + ٥ واژۆ کرد. لەو ڕێکەوتنەدا، هەرچەند بە شێوەی کاتی هەندێك ئیمتیازی ئابووری چکۆلەی وەرگرت، بەڵام لە بەرامبەردا، دەستی لە بەشێکی بەرچاو لە پرۆژە ناوکییەکەی هەڵگرت و وەك لایەنی دۆڕاو و تەسلیم بوو، لەو ڕێککەوتننامەدا دەرکەوت. زیاتر لە ٢٠ ساڵە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نهێنی و بە ئاشکرا پرۆژە ناوکییەکەی پەرە پێدەدا و لە هەوڵی گەیشتن بە چەکی ناوکیدا بووە، بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوە، زیاتر لە ١٧٠ میلیارد دۆلار لە سامانی وڵاتی لە پێناوی ئەو پرۆژەدا خەرج کردووە و ئەمە ئەو بەشە لە هەزینەکان ناگرێتەوە کە لەبەر گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان تووشی وڵات بوون. بە پێی لێدوانی سەرۆکی دەزگای بەرژەوەندیی ڕێژیم لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٨٠٠ (هەشت سەد) میلیارد دۆلار زیانی ئابووری بە وڵاتی ئێران گەیشتووە کە سەرجەمی ئەو زیانە و پارەی خەرجکراو بۆ پرۆژەکان و زیانی چەند ساڵی رابردووشی دەبێتە شتێك زیاتر لە ١٠٠٠ (یەك هەزار) میلیار دۆلار کە لە پێناوی سەرەڕۆیی و ملهۆڕیی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا زیان بە ئابووری و ژیانی نەتەوەکانی ئێران گەیاندووە، دوای ئەو هەموو زیانە و دوای بێ ئیعتبار بوونی سیمای خەڵکی ئێران و بە تیرۆریست ناسرانی ڕێژیم لە رای گشتیی جیهانیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆکی داداوە و ئەو هەموو هەزینەیەی لەخۆڕا بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاندووە.دوای چەندین بڕیارنامە و چەندین بڕیاری سزادان و گەمارۆ بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن رۆژئاوا، سەرانی ئەم ڕێژیمە باسیان لە بێکەڵك و بێکاریگەربوونی ئەو بڕیار و گەمارۆیانە دەکرد و تەنانەت ڕێبەری ڕێژیم باسی لەوە دەکرد کە لە ژێر ئەو گەمارۆیانە گەشەی زیاتر دەکەن و حەماسەی ئابووری دەخولقێنن و لە شەرایەتی بەدر و خەیبەردان، بەڵام دەوڵەتی تازەی ڕێژیم دانی بەوەدا نا کە خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵە و تەنانەت پارەی ئەوەیان نییە کە مانگانەی کارمەندانیان بدەن و هیچ پارەیەکیان بۆ دابینکردنی یارانەی مانگانە نییە. لە وەها دۆخێکدا کە لە ژێر گوشاری توندی ئابووری و گەمارۆکاندا بوون و پارەیان بۆ درێژەدان بە پیلانە تیرۆریستی و پرۆژە ناوکییەکەیان نەبوو، لەبەر مانەوەی خۆیان نەك لە بەر وەزعی نالەباری خەڵك، ملیان بۆ گوشاری جیهانی راکێشا. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە ٢٤ی نۆڤامبر لە ژنێڤ لە نێوان نوێنەری ڕێژیم و گرووپی ١+٥ واژۆ کرا، ڕێککەوتننامەیەکی کاتییە بۆ ماوەی ٦ مانگ کە دەبێ لەو ماوەیەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو خاڵانەی کە واژۆی لەسەر کردوون و بەڵێنیی داون، جێبەجێیان بکا، دەنا گەمارۆی توندتر و گوشاری زیاتری لەسەر دادەنرێ. هەرچەند هیچ ئیعتمادێك بەم ڕێژیمە نییە و چەندین جار سەلماندوویە کە ڕێککەوتن و بەڵێننامەی نێونەتەوەیی واژۆ دەکا و دوایە هەموویانی پێشێل کردووە و لەبەر ئەو نادڵنیایی‌یە بووە کە لەو ڕێککەوتننامەیەشدا هاتووە کە هەر جۆرە پێشێل کردنی بەڵێنەکان سزاکان توندتر دەکاتەوە. ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پابەند بێ بە بەڵێنەکانی، ڕەنگە قازانجی بۆ خەڵکی ئێران ئەوە بێ کە چیدیکە پارە و سامانی وڵات لە پێناو ملهۆڕی و پرۆژەی چەکی ناوکیدا خەرج نەکا، بەڵام ئەوە ئەو دڵنیایی‌یە نادا کە ئەو سامانە لە پێناوی خۆشگوزەرانیی خەڵکدا سەرف بکرێ، بەڵکوو وەك لە رابردووشدا ڕێژیم نیشانی داوە، خەرجکردنی سامانی وڵاتی لە پێناوی پەرەدان بە تیرۆریزم و چەکدار کردنی حیزبوڵڵای لوبنان و ڕێژیمی بەشار ئەسەد و گرووپ و شوێنی دیکە لە ئەولەویەتدا دەبێ و ئەگەر شتێکی لێ بمێنێتەوە بۆ چەکدارکردن و تەیارکردنی هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکان خەرجی دەکا و بەشی خەڵکی ئێران هەر هەژاری و سەرکوتە. ئەوەی جیهان و وڵاتانی ئازاد و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و ئازادی نابێ لە بیری بکەن، ئەوەیە کە گرفت و کێشەی کۆماری ئیسلامی بۆ جیهان و ناوچە و وڵاتی ئێران، تەنیا کێشەی چەکی ناوکی و پرۆژە ناوکییەکانی نییە، بەڵکوو لە پێش هەموو شتێکدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکە لە سەدەی ٢١دا، بە شێوازی سەدە ناوەڕاستییەکان حکوومەت دەکا و خەڵك بەتایبەت نەتەوەکانی ئێران دەچەوسێنەتەوە و ستەمی سیاسی و ئابووری و نەتەوەییان بە دژ بەڕێوە دەبا. گرفت و کیشەیەکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ جیهان و ناوچەکە، پرسی پەرەدان و پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم و ئاژاوەگێڕی و توندڕەوی لە جیهان و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و قووڵترکردنەوەی کێشەکانە، هەروەك لە سووریە و لە عێراق و لە بەحرین و زۆر شوێنی دیکەی دنیادا، بە راشکاوانە لایەنگری و پاڵپشتی ئاژاوە و توندڕەوی دەکا. هەرچەند وەك رابردوو نیشانی داوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر قەرارداده نێونەتەوەییەکانی خۆی بە بەرپرس نازانی و لەوانەیە لە ئیمزاکردنی قەراردادی ژنێڤیش بۆ وەدەستهێنانی کات و راگرتنی کاتیی گەمارۆکان کەڵك وەربگرێ، بەوحاڵەشەوە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

ـ خۆشحاڵە کە لە ئەگەری بەڕێوەچوونی ئەو قەراردادەدا ڕەنگە بەشێکی بەرچاو لەسەروەت و سامانی وڵات کە پێویستە خەرجی باشترکردنی ژیانی خەڵك و ئاوەدان کردنەوەی وڵات بکرێ، چی دیکە لەخۆڕا خەرجی پەرەپێدانی پرۆژەی ناوکی ئێران نەکرێ، بێجگە لەوانە ئاکامی سووك کردنی هێندێك لە گەمارۆکان لەلایەن رۆژئاواوە شوێندانەر بێ لەسەر بووژانەوەی ئابووریی خەڵك و ئەو کەموکوڕییانەی کە ئەمڕۆ خەڵکی ئێرانی وەزاڵە هێناوە.

ـ داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکا کە لە ئەگەری درێژەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دوای ٦ مانگ، کۆماری ئیسلامی بەرعۆدە بکرێ بۆ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و راگرتنی لە سێدارەدانیان و هەروەها پەسندکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان نەتەوەی کورد.

ـ بە چۆکدا هاتنی ڕێژیم لە بەرانبەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەو راستییەی سەلماند کە ئەو ڕێژیمە سەرەڕای هەموو خۆهەڵکێشان و هەڕەشەکانی چەندە داماو و بێدەسەڵاتە، کە بە بێ هیچ هێرشێکی نیزامی، ئیدیعای شکستناپەزیرییەکەی پووچەڵ بووە، گومانی تێدا نییە کە لە بەرانبەر هێزی یەکگرتووی خەڵکیش هەروا لاواز و لە راستیدا شێرەبەفرینەیە، بۆیە جیگای هیواداریيە کە خەڵکی ئێرانیش کە لاوازی و ترسنۆکی ئەو ڕێژیمەیان بە چاوی خۆیان دیت لێبڕاوانەتر لە پێشوو لە پێناو مافە پێشێلکراوەکانیان یەکگرتوانە بەگژی ڕێژیمدا بچنەوە و بۆ هەمیشە خۆیان لە چنگی کۆماری ئیسلامی رزگار بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٢/٩/٦ی هەتاوی
٢٠١٣/١١/٢٧ی زایینی

## خولێکی فێرکاری لەلایەن ژنێڤاکاڵەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەڕێوەچوو



ڕێکەوتی ١٢ی سەرماوەزی ١٣٩٢، خولێکی راهێنانی چاوەدێریی ژنێڤاکاڵ بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ و هەروەها نوێنەرانی ژمارەیەك لە حیزبە کوردستانییەکان، لە هۆتێل "مەم وزین"ی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. ئەم وۆرکشاپە فێرکارییە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی راهێنان و گرینگیدانە بە تواناکانی لایەنە بەشدارەکان بۆ ڕێزگرتن و بەشداری کردنیان لە بەکارخستنی ئەرکەکانیان سەبارەت بە ئەو ڕێکەوتننامەی کە لە پێوندی لەگەڵ بەکارنەهێنانی مینی دژە نەفەر ـ پاراستنی منداڵ لە ناکۆکییە چەکدارییەکان و پاراستنی ژنان لە توندوتیژی جینسی لە کاتی شەڕدا، لە ژنێڤ واژۆیان کردووە. نوێنەرانی ژنێڤاکاڵ و هەروەها نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی پابەند بەو بەڵگەنامەیە زۆر بە وردی چوارچێوەی ڕێکەتننامەی ژنێڤاکاڵدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران وەك لایەنێکی واژۆکەری بەڵگەنامەکە بە هەیئەتێکی ٣ کەسییەوە بەشداری لەو کۆنفرانسەدا کرد. هەیئەتی نوێنەرانی حیزب بۆ بەشداری کردن لەم کۆنفڕاسە بریتی بوون لە: رۆستەم جەهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسۆنی سیاسی ـ نیزامی، فاتیح ساڵحی جێگری کۆمیتە ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ژنێڤاکاڵ لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی منداڵ لە کاریگەریی ناکۆکییە چەکدارییەکان و هەروەها خاتوو فاتمە عوسمانی نوێنەری حیزب لە ژنێڤاکاڵ لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی جینسی لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا.

## دیداری نوێنەری حیزبی دێموکرات و بەرپرسی کاروباری رۆژهەڵاتی ناڤین لە وەزارەتی دەرەوەی دانمارک



ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی سەعید سوڵتانپوور نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارك سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ بەرپرسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەو وەزارەتە کۆبووەوە. کە تێیدا دوایین پێشهات و رووداوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین تاوتوێ کران. دوایین خولی وتووێژەکانی ڕێژیمی ئێران و گرووپی ١ + ٥ و گرینگیی بەردەوامیی گوشارەکان بۆسەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، رەوشی نالەباری مافی مرۆڤ و لەسێدارەدانی لاوان و زیندانییانی سیاسیی کورد، کۆمەڵە بابەتێکی دیکە بوون کە لەسەریان باس کرا.

## بەشداریی شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە بلژیک لە کۆنفڕانسی داهاتووی کوردستانی سووریە

ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی مەجلیسی سنای بلژیك، کۆنفڕانسێك لەژێر ناوی "داهاتووی کوردستانی سووریە" لەلایەن ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسێل بە بەشداریی شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "جەمیل فەتحی" نوێنەری حیزب لە وڵاتی بلژیك و چەندین کەسایەتیی سیاسیی دیکە، بەڕێوەچوو. رۆڵی وڵاتانی جیهان و رۆژهەڵاتی نێوڕاست لە قەیرانی سووریە، گاریگەریی میدیا لە گواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکانی سووریە و سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە لەهەمبەر نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، ئەو سێ تەوەرە بوون کە پێشکەش کران.

**برووخـێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## شەپۆلی دەسبەسەرکرانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بەردەوامە

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، دوو هاووڵاتیی خەڵکی شاری سەردەشت بەناوەکانی "ئومێد بەیگزادە و ناسر کەریمی" کە ٣ مانگ پێش ئێستا بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی کوردی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کرابوون، سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکانیان، هیچ زانیارییەك لە چارەنووسیان لەبەر دەستدا نییە. هەروەها دوو هاووڵاتی دیکە بە ناوەکانی "فەرزاد حاجی میرزایی" کوڕی عەبدوڵڵا تەمەن ٣٠ساڵ و خەڵکی گوندی "باوەرێز"ی سەربە شاری سنە کە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سنەوە دەسبەسەر کرابوو، لە چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی هیچ زانیارییەك لەبەر دەستدا نییە. کەسێکی دیکە بە ناوی کوورش ئەمیری تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕی فەرمیی مەکتەب قورئانی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە، هاشم حوسێن پەناهی بەرپرسی دەفتەری موفتی و وانەبێژی قوتابخانەی ئیمام بوخارای شاری سنە ڕێکەوتی ١٢ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی پاش بانگهێشتن بۆ دادگای تایبەتیی مامۆستایانی ئایینیی تاران بە تۆمەتی بێ حورمەتی بە ئایینزای شیعە دەسبەسەر و ڕاپێچی بەندی ٣٢٥ی بەندیخانەی ئەوین کراوە.

## وەرگرتنی ٧٠٠ هەزار تمەن پارە لە قوتابییانی گوندێکی ناوچەی پیرانشار

بەرپرسی قوتابخانەی گوندی "گردکشانەی" ناوچەی "لاجان"ی پیرانشار، بەهۆی قەرزداری بە زۆرەملێ بڕی ٧٠٠ هەزار تمەن پارەی لە قوتابییانی ئەو قوتابخانەیە وەرگرتووە و هەڕەشەی دەرکردنی لەو قوتابییانە کردووە لە ئەگەری نەدانی ئەو بڕە پارەیەدا. لە حاڵێکدا کە زۆربەی بنەماڵەکان توانای دابینکردنی ئەو پارەیانە نییە و هەڕەشەی دەرکرانی ڕۆڵەکانیان لە قوتابخانەکەیان لە ئارا دایە.

## ژمارەیەک چالاکی فەرهەنگی و سیاسیی شاری پاوە دادگایی کران

هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ٨ چالاکی سیاسی و فەرهەنگیی کوردی شاری پاوە لە پارێزگای کرماشان کە مانگی ڕەشەمەی ساڵی پار لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کرابوون، ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، بۆ جاری دووهەم دادگایی کرانەوە. ئەو ٨ چالاکە کوردە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ بۆ زیندانی دیزڵئابادی کرماشان ڕاگوێزرابوون کە دواتر بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوون. ناوی ئەو ٨ چالاکە سیاسییە "موعتەسەم شافیعی، قانیع حاتەمی، محەممەد نیگاری، بابەك عەباسی، جەهانبەخش ئەحمەدی، گۆران مەحموودی، ئاراس حاتەمی و پدرام قادریان" ڕاگەیەنراوە.

## کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی پێشمەرگە



ڕێکەوتی ٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو. لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" لەلایەن بەشدارانی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە. دواتر ڕێژەی نیزامی، شەڕی سەرنێزە و بڕینی مەیدانی مەوانێع، وەکوو یەکەم بڕگەی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە لەساڵۆنی فێرگە بەڕێوەچوو، لوقمان مێهفەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و دوابەدوای ئەوەش ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن "سامرەند ئەنبەری ئازەر"ەوە خوێندرایەوە. لەو ڕێوڕەسمەدا سەرکەوتوانی دەورەی ٢٠٩ی سەرەتایی لە بواری دەرس و ئەخلاق لەلایەن فێرگەی کومیسیۆنی پەروەردەوە خەڵاتییان پێشکەش کرا. پاشان ڕاپۆرتی دەورە لەلایەن "سوهەیلا مورتەزەوی"یەوە خوێندرایەوە و چەند پارچە شیعرێکیش لەلایەن "بەهائەدین ڕەوانگەرد و پەرویز مامەش" لە بەشداربوانی دەورەوە پێشکەش کران. لە کۆتاییشدا چەندین گۆرانیی ڕەسەنی کوردی لەلایەن گۆرانیبێژان "غوڵام و ئازاد"ەوە خوێندران.

## یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان، سمینارێکی بەڕێوەبرد

ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان، بە ئامادەبوونی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی یەکیەتی ژنان، سمینارێکی بۆ بەڕێز لوقمان مێهفەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێکهێنا. مێهفەر لەسەر توندوتیژی و مافە یاساییەکانی ژنان لە چوارچێوەی قانووندا باسێکی پێشکەش کرد و تێیدا لەسەر نەبوونی هاوسەنگیی دەسەڵات لەنێوان ژنان و پیاواندا وەکوو هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی پێداگریی کردەوە. ئەو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی لە بەشێکی دیکە لە باسەکەیدا ئاماژەی بە گۆڕانکارییە یاساییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو بە نیسبەت ژنانەوە کرد و وتی: "ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئەنجامی هەوڵ و خەباتی ژنان بۆ بەیاساییکردنی مافەکانیان بووە". لە کۆتایی ئەو سمینارەدا بەشدارانی سمینارەکە را و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر مژاری کۆبوونەوەکە خستە بەرباس.

## کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران کوژرا

لە ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی لە شوێنێك بەناوی "بیرکامیان" لە نزیك چیای شەهیدانی تەرگەوەڕ کۆڵبەرێکی کورد بەناوی "عەبدولباقی حەسەن عابیدی" کوڕی "عەبدوڵڵا" خەڵکی گوندی "بەردە سوور"ی ناوچەی دەشتی ورمێ، کرایە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دا.

## لەسێدارەدانی ٤ چالاکی عەرەب، نارەزایەتیی لێ کەوتەوە

چالاکانی ئەهوازی بڵاویان کردووەتەوە، بەرپرسانی پارێزگای خووزستان هەواڵی لەسێدارەدان و ناشتنی ئەو ٤ چالاکە عەرەبەیان بە بنەماڵەکانیان ڕاگەیاندووە و دواتر شوێنی ناشتنەکەیان بە بنەماڵەکەیان ڕادەگەیەنرێت.

عەبدولڕەزا ئەمیر خەنافرە، عەبدولئەمیر موجەدیمی، غازی عەبباسی و جاسم موقەددەم پەنا، ناوی ئەو ٤ چالاکە عەرەبەیە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە ئەهواز لەسێدارە دروان. ئەو ٤ زیندانییە بە تۆمەتی "هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی، کردەوەی چەکدارانە لە ڕێگەی پێکهێنانی "کەتیبەی ئەحرار" سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپا. هەواڵەکان لە شادگانەوە باس لەوە دەکەن کە ژمارەیەك هاووڵاتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی ئەو چوار چالاکە عەرەبە نارەزایەتییان دەربڕیوە.

## زیادکردنی ماڵیات، مانگرتنی زێڕینگەرانی کامیارانی لێ کەوتەوە

بازاڕیانی زێڕینگەر و زێڕفرۆشەکانی شاری کامیاران ڕۆژی ١٢ی سەرماوەز بە نیشانەی نارەزایەتی لەهەمبەر زیادبوونی نرخی ماڵیاتەکەیان مانیان گرت و بازاڕ و دووکانەکانیان داخست. هەروەها هێزەکانی ڕێژیمیش بە توندی چاودێری ئەو بازاڕانەیان کردووە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەو نارەزایەتییە زیاتر پەرە نەستێنێت. هۆکاری زیادکردنی نرخی ماڵیاتی زێڕینگەرانی بازاڕی شاری کامیاران ڕانەگەیەنراوە.

## داهێنانی خەتی "برێل"ی کوردی لەلایەن چالاکێکی فەرهەنگیی بۆکانەوە

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، عەزیز خانە چالاکی فەرهەنگیی کورد توانی خەتی "برێل"ی کوردی کە تایبەت بە "نابینا"یانە دروست بکات. داهێنەری ئەو شێوە لە "ئەلف و بێ" کوردییە، ئامانج لە دروستکردنی خەتی "برێل"ی ڕێزگرتن لەکەسانی نابینا و کەم بینا ڕاگەیاندووە. عەزیز خانە ڕایگەیاندووە، "ماوەی سێ ساڵە بە بەردەوامی کاری لەسەر ئەو شێوە خەتە کردووە و لەو ماوەیەدا ٧٣ کتێبی چیرۆکی لەزمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و ئاڵمانییەوە وەگێڕاوەتە سەر خەتی "برێل"ی کوردی. چالاکی فەرهەنگیی شاری بۆکان ئەوەشی خستۆتەڕوو، لەوح، قەڵەم و کەرەسەی پرکینز بۆ نووسینی خەتی "برێل"ی کوردی بەکار دێت و وەکوو زمانەکانی دیکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت.

## باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٢هەتاوی، "ڕەحمان کەریمی ئازەر" کوڕی "حاجی حەمەڕەسووڵ" خەڵکی ئاوایی "گۆگجەلی"ی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بەهۆی جەڵتەی مێشك ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاك ڕەحمان لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بە کەسێکی نیشتمانپەروەر و خۆشەویست ناسرابوو و ساڵی ١٣٦٠ بە هۆی هاوکاری کردن لەگەڵ هێزە کوردییەکان بۆ ماوەیەك زیندانی کرابوو. کوڕێکی کاك ڕەحمان بەناوی "هێرش کەریمی" ماوەی ٦ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە. تەرمی کاك ڕەحمان شەوی دووشەممە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی ئاڵەشین و پیرمحەممەد، لە گۆڕستانی شاری بۆکان بەخاك ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری کاك ڕەحمان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سنە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، مەسعوود کەفاش (شوجاع) ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی جەڵتەی دڵ لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد. مەسعوود کەفاش ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و وەکوو ئەندامێکی دڵسۆز دەستی دایە چالاکی و تێکۆشان و بەوپەڕی فیداکارییەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەسوکاری کاك مەسعوود دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرین، باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، محەممەد میرزا عەلی موزەفەری پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باوکی شەهید ئەشرەف، خەڵکی ئاوایی "پشتە"ی سەربە شاری کامیاران کۆچی دوایی کرد. محەممەد میرزا عەلی، لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هاوڕێ لەگەڵ "ئەشرەف"ی کوڕی پەیوەست بە هێزەکانی حیزبی دێموکرات بوو و لە ئاوایی پشتە سازمان دەدەرێن. ئەشرەف موزەفەری ساڵی ١٣٤٠ لە ئاوایی "پشتە"ی سەر بە شاری کامیاران لە دایك بووە و لە ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانە لە ئاوایی پشتە لە شوێنێك بە ناوی "ونج"دا شەهید بوو و تەرمەکەی لە ئاوایی "سەرشێڵانە" بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری کاك محەممەد میرزا عەلی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەی پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی "حاجی ئەحمەد هەمزەیی" باوکی شەهید حوسێن هەمزەیی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. حاجی ئەحمەد خەڵکی گوندی "ڕکاوێ" و نیشتەجێی شاری پیرانشار و کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و جێی متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و هەمیشە ماڵەکەی جێی حەسانەوەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.کاتێك کە کوڕەکەی شەهید دەبێ دەچێتە سەر تەرمەکەی و دەڵێ: "کوڕم، تاجی سەربەرزیت لەسەر ناوم". تەرمی "حاجی ئەحمەد" لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و لە گوندی زێدی خۆی، "ڕکاوێ" بە خاك سپێردرا. حوسێن هەمزەیی کوڕی حاجی ئەحمەد لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە ئاوایی "ڕکاوێ" لە دایك بووە. پێشمەرگەیێکی ئازا و قارەمان بوو و لە ڕێکەوتی ١٣٦٦/٦/٥ لە گوندی "بادیناوێ"ی ناوچەی "مەنگوڕان" لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو و تەرمەکەی لە ڕکاوێ بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری حاجی ئەحمەد دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# وتووێژی تایبەتیی تیشک تی ڤی، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر کۆمەڵگای سیاسی ئێران، ئەو رووداوانەی کە لەم دواییانەدا لە ئێران هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی کوردستان و بارودۆخی کورد لەم ناوچە جوگرافیاییەدا، تیشک تی ڤی دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێکهێنا کە سەرنجی خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان بۆ دەقی ئەو وتووێژە رادەکێشین.**



**پ: نیزیک بە ١٠٠ رۆژ لە دەس بەکاربوونی حەسەن رووحانی تێدەپەڕێ لە ئێراندا. پێش لە هەڵبژاردنەکان ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەیاننامەیەکتان بڵاوکردەوە و هەڵبژاردنەکانتان تەحریم کرد، پێشبینی ئەوەتان کردبوو کە خەڵك بە هاتنی رووحانی دڵخۆشە، بەڵام وەزعییەتی ئێران زۆر خرابتر دەبێ، ئەو پێشبینییەنانەتان لەسەر چ بنەمایەك بوو و ئایا بەراستی ئێستا پێتان وایە وەزعییەتی ئێران خرابتر بووە؟**

**و:** بەیانییەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەجرۆبەی کە ئێمە وەکوو کورد بەتایبەتی و وەکوو ئێرانی بەگشتی لە ماوەی سی و چەند ساڵی رابردووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەمانبووە، بێجگە لەوە مەسەلەی ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دژی دێموکراسی، ئازادی، ویستی نەتەوەکانی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کوردە و ئەو تەجرۆبەی هەموو جارێ لە هەڵبژاردنەکاندا دووپات بۆتەوە کە هێندێك وادە بە خەڵك دەدەن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك راکێشن و بیانکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام وەکوو عەرزم کردن ئیدئۆلۆژییەکە و سیاسەتە گشتییەکەی کۆماری ئیسلامی ئیجازە نادا کە بە رووی ئێراندا بکرێتەوە و ئەو تەحریمەش لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا راگەیەندرا و ئێمە ئێستا کە لە بەرەبەرەی سەدەمین رۆژی دەسەڵاتداریی سەرۆك کۆماری تازەداین، دەبینین کە دروشمەکانی رووحانی بە نیسبەتی ئەو وادانەی بە خەڵکی ئێرانی دابوو، بەتایبەتی بە کورد و باقی نەتەوەکان، لە پێوەندی لەگەڵ کرانەوەی سیاسی لە ئێراندا و ئازادکرانی زیندانیانی سیاسی و زۆر وەعدە و وەعیدی دیکە، بەداخەوە دەبینین هەر وەکوو سەرۆك کۆمارەکانی دیکە هەر لە جێگای خۆیەتی و لە هێندێك بواردا توند و تیژتریش بووەتەوە.

**پ: بەم دواییانەش شەپۆلێکی لە سێدارەدان ئێرانی گرتوەتەوە، لەو پێوەندییەدا ئێوە بابەتێکتان نوسی کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆڕان هەنگاو دەنێ یان نا کە لەوێدا پێشبینی ئەوتان کردبوو کە وەزعەکە زۆر خرابتر دەبێ و کۆماری ئیسلامی بە دانی کۆمەڵێك پوان سەرکوتی نێوخۆیی زیاتر دەکا، لە سەر چ بنەمایەك ئێوە ئەو قەزاوەتەتان کرد؟**

**و:** هەر وەکوو لە بابەتەکشدا ئیشارەم پێکردبوو، لە سەر ئەو بنچینەیە ئەو قەزاوەت و پێشبینیە هاتبووە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا، هەموو هەوڵ و تەقەللاکانی بۆ راگرتن و پارێزگاری کردن لە رێژیمەکەیەتی. ئەگەر باس لە مەسەلەی ئیسلام دەکا، باس لە مەسەلەی دیمۆکراسی، باس لە مەسەلەی حقووقی خەڵکی هەژار دەکا، ئەوانە هەموویان ئەو درۆیانەن کە بۆ پاراستنی حکوومەتەکەی خۆی بەکاری دێنێ و ئێمە ئەوەمان نەك هەر لە ئیدئۆلۆژییەکەیدا ناسیوە، بەڵکوو بە کردەوش بینیومانە، ئەگەر لە بیرمان بێ، کاتێك لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا دوای بە کوشت دانی خەڵکێکی زۆر لە ئێران و تەلەفات و خەساراتێکی ماڵیی یەکجار زۆر، کاتێك کە رەفسەنجانی و هەروەها کۆمەڵێك لە فەرماندەکانی پایەبەرزی نیزامی چوون بۆلای خۆمەینی و حاڵییان کرد کە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە بدەن، حکوومەتەکەیان تێك دەچێ و شکست دەخۆن، خومەینی بە قەولی خۆیان جامی ژەهری خواردەوە و قەراردادی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبوول کرد و ئاگربەسەکەی راگەیاند و ئەو هەموو درۆ و شوعارانەش کە دابووی لە رێگای کەربەلاوە قۆدس فەتح دەکا، هەمووی بوو بە هیچ، ئەوە بۆخۆی تەجرۆبەیەك بوو. ئێستاش ئەو بابەتەی کە نووسرابوو بەشێکی لە سەر ئەو بنەمایەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ راگرتنی حکوومەتەکەی خۆی پێویستی بەوەیە بە رووی دەرەوەدا بکرێتەوە، ئەو گەمارۆیانەی کە لە سەر ئێران دانراون، لە پێوەندی لەگەڵ پیتاندنی ئۆرانیۆم و ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێکردووە، هەروا درێژەی هەیە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە گەمارۆوەکان گەیشتوونەتە ئەو رادەیەی کە کۆماری ئیسلامبی ئێران هەست بە مەترسی دەکا کە ئەگەر هەروا درێژەی هەبێ، ئیدی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نامێنێ، کەوابوو دەبێ ئەو حکوومەتە بپارێزی و پاراستنی ئەو حکوومەتەی بە پێچەوانەی دروشمەکانی خامنەیی، لە واقیێعدا سازانێکی رەزیلانەیە لەگەڵ روژئاوا تاکوو ئەوان گەمارۆکان تا حەدێ لە سەری شل بکەنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانێ داهاتی ئەو نەوتەی کە دەیفرۆشێ بەدەستی بێنێ. کەوابوو سرووشتیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەری پاراستنی حکوومەتەکەیدا ئیمتیاز بدا بە رۆژئاوا. بەڵام لایەنەکەی دیکەی کە سازان لەگەڵ خەڵکی ئێرانە و کرانەوە بە رووی خەڵکی ئێرانە، ئەوە دروست بە پێچەوانەی هەدەفەکەی کۆماری ئیسلامییە، بەو مانایە کە خەڵکی ئێران چونکە کۆماری ئیسلامییان ناسیوە، چونکە لێی نارازین هەرکات فەزایەکی موناسێب هاتبێتە پێشێ، بەهانەیەکیان کەوتبێتە دەست، دژی رێژیم هاتوونەتە سەر شەقامەکان و دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان داوە. بۆیە هەر پاشەکشەیەکی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دیمۆکراسی و ئازادی بەتایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان نەتەوەی کورد بە گومانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتە هۆی رووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە گوتمان کە ئەگەر بە رووی دونیادا دەکرێتەوە بە پێچەوانە وەزعییەتەکە لە نێوخۆی وڵاتدا توندوتیژتر دەکاتەوە و ئێستا ئێمە بەداخەوە ئەو ئاسارە دەبینین.

**پ : هۆی چییە ئەو وەزعییەتە ئەمنیەتییە خراپە نەك تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو بەگشتی لە ئێراندا درووستی کردووە؟**

**و:** ئەساسەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ترس و لەرزەی کە لە خەڵکی ئێران هەیەتی، چونکە ئەوان بۆ خۆیان لەگەڵ هەموو ئەو ئیدیعایانە کە دەکەن بە پێچەوانە زۆر باش دەزانن کە خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نین. درزێکی یەکجار زۆر گەورە لە نێوان خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتووتە پێشێ کە رۆژ بە رۆژ ئەو درزە گەورەتر دەبێت، بۆیە ئەگەر خەڵك کەمترین دەرفەت بەدەست بێنن لە جەهەتی رووخانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هەوڵ دەدەن و لەو پێوەندییەدا دەوری نەتەوەکانی ئێران کە هەموو سنوورەکانی ئێرانی پێکهێناوە دەورێکی زۆر گرینگی دەبێ. کۆماری ئیسلامی لەوە نیگەرانە کە ئەو وەزعییەتە لە ئێران بێتە پێشێ بۆیە پێش بە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەك دەگرێ، پێش لە هەموو داخوازییەکی ئازادیخوازانە دەگرێ، زیندانیی درێژخایەن دەبڕێتەوە و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك دیتمان کە ئەو شەپوولەی ئیعدامەکانی وەڕێخستووە لە لایەکەوە لە بەلوچەکان لە عەرەبەکان و بە تایبەتی ئەخیرەن لە نێو تێکۆشەرانی سیاسیی کورد خەڵکەکە ئێعدام دەکا و بۆ ئەوەی خەڵك چاوترسێن بکات.

**پ: کاك مستەفا، پێم خۆشە باس لەوە بکەین کە سەفەری رووحانی بۆ نیۆیۆرك و قسەکردنی تەلەفونی لەگەڵ ئۆباما، دیداری زەریف لەگەڵ جان کێری و بەگشتی ئەو موزاکراتەی ٥+١ کە زۆرتریشی خایاند ئاکامەکەی بە کوێ دەگات و چی لێدەکەوێتەوە؟**

**و:** وەکوو عەرزم کردی وەلی فەقیە تەنها کەسێکە کە بریار دەدات لە بارەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵات ئەو ئوسولەن دەبێ گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی لەوە زیاتر ناتوانن مقاومت بکەن و وەزعییەتەکەیان لە باری ئابوورییەوە گەیشتوتە نوقتەیەك ئیدی بۆیان ئیدارە ناکرێ بۆیە لەوێدا وەلی فەقیە ئەو بڕیارەی داوە کە دەبێ بەرەورووی دونیا بکرێتەوە. بە بۆچوونی من خامنەیی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ ئەو کرانەوەیە ببێ بە ئیمتیاز دان بە غەرب و تەسلیم بوون لە بەرامبەر داخوازییەکانیاندا، ئەوە نەتیجەکەی لەو دانیشتنانەی کە لە ژنێڤ پێکهاتوو سەرەتاکەی لە نیۆیۆرك بوو، ئێستا کە ئاخرین دانیشتنیان لە ژنێڤ بەڕێوەیە هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بتوانن بە تەوافق بگەن من لەگەڵ ئەوەیکە پێم وابێت هێشتا ماویەتی بەڵام لە نەتیجەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو ئاکامە دەگات کە دەبێ تەسلیمی رۆژئاوا بێت بۆ ئەوەیکە خەتەری رووخانەکەی لە باری ئابوورییەوە لە سەر خۆی لابەرێت. بە نەزەری من نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە غەرب لە بەرامبەر ئیمتیازێکی زۆردا کە وەریدەگرێ ئیمتیازێکی کەم بە کۆماری ئیسلامی دەدات و ئەوان تەسلیمی داخوازەکانی رۆژئاوا دەبن لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم.

**پ: ئەوان ئەدەبیاتێك بە کار دێنن کە "ناوی نەرمشی قارەمانانە"یە کەلە نەهایەتدا وەکوو جەنابت دەفەرمووی رەنگە ئەم حاڵەتە بێتە پێشێ. کاك مستەفا دەمهەوێ پرسیارەکەم پەیوەندی بدەم بە کوردستانەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافی گەلی کورددا ئێوە وتووێژێکتان کردووە لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلی تورك باستان لەوە کردووە کە ئێمە ئامادەین بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڵام کۆمەڵێك مەرجتان داناوە. سەرەتا ئەو باسە چۆن هاتووتە گۆڕێ ئایا هیچ ئیشارەیەك هەیە هیچ سیگناڵێك هەیە یا هیچ وتووێژێك لە نێوان ئێوە و کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لە ئارادا بووە؟**

**و:** لە پێش دا پێمخۆشە ئەوە شی بکەمەوە کە هیچ وتووێژێك و هیچ چرا سەوزێك لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ئێمە نیشان نەدراوە کە ئامادە بن موزاکرە بکەن. لەو باوەڕەشدا نیین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە موقعییەتی ئێستادا واردی ئەو پرۆسەیە بێت، چوونکە پێش هەموو شتێك باوەڕی بەو مافانەی کە ئێمە داوای دەکەین، نییە و لە لایەکی دیکەشەوە فەزا ئەمنییەتیەکەی زۆر لەوە توندوتیژترە کە ئێستا لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا باسی مافی نەتەوە بکرێ، وەختێك کە بە بچوکترین بەهانە تێکۆشەرانی سیاسی بەتایبەتی کورد دەگرن لە زیندانی دەکەن، زیندانیی درێژخایەنیان بۆ دەبڕنەوە و ئیعدامیان دەکەن یا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەو شێوە رەفتار دەکەن یا ئێستاش لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو کێشەیە کە سەرپۆشی ژنان کە دەبێ چەندە موی بشارێتەوە و نەیشارێتەوە لە فەزایەکی وادا ئوسولەن چاوەڕوانی موزاکرە بۆ وتووێژ ئینتزارێکی عەبەسە، بەڵام ئێمە وەکوو کەسانی سیاسی لە بەرامبەر پرسیاری رۆژنامەنیگاراندا قەرار دەگرین ئەوان پرسیار دەکەن کە ئێمە ئامادەین بۆ وتووێژ یا ئامادە نین؟ ئەوەی کە من لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا داومەتەوە ئەوەیە کە ئێمە وەکوو پرنسیپێکی گشتی کە لە حیزبی دێموکراتدا هەیە هەر وەختێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە بێت لەسەر مافی نەتەوەی کورد بەڵام بە میانجیگەری دەوڵەتێکی سێهەم، ئامادەین وتووێژ بکەین. ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە وتووێژێك لە ئارادایە یان کۆماری ئیسلامیی ئێران چرای سەوزی بۆ ئەو مەسەلەیە نیشان دابێت. فەقەت وەڵامی پرسیارێك بوو بۆ خەبەرنگارێك کە لەو پێوەندییەدا پرسیاری کردبوو.

**پ: ئێوە لە ماوەی رابردوودا لەم چەند مانگەدا حەرەکەتێکی دیپلۆماسیی نوێتان دەست پێکردووە، دەوڵەتی توورکیاتان کردووەتە ئامانج. ئەوەندەی من بە هەڵە تێنەگەیشتبێتم، بەشداریتان کرد لە یادی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا و لەوەش زۆر گرینگتر لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بوون کە من دوواتر ئەم پرسیارە دێنمە ئاراوە، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد لە هەر ٤ پارچەی کوردستان و لەسەر ئەم دیپلۆماسییە دەمهەوێ قسەم بۆ بکەن، چۆنە ئێوە حەرەکەتێکی ئاواتان دەست پێکردووە؟**

**و:** ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە دەبێ لەگەڵ وڵاتانی شوێندانەری جیهان بەتایبەتی ناوچەکە، پێوەندی بەرقەرار بکەین، پێوەندییەکی سالمی سیاسی لەسەر ئیحترامی بەرامبەر، ئێمە لەو

درێژەی لە لاپەڕە ٥ »»»

درێژەی لاپەڕە ٤

»»»»

پێوەندییەدا لەگەڵ تووركیا لە هەوڵدا بووین، ئەوە بوو كە باستان كرد كە ئێمە لە ساڵیادی دامەزرانی دەوڵەتی تووركیادا كە دەعوەت كرابووین بەشداریمان كرد و بێجگە لەوە ئەو دەعوەتەی كە لە واقیعدا موئەسسەیەكی نەك حكومەتی بەڵكوو موئەسسەیەكی تەحقیقاتی و لێكۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی كورد پێكیان هێنابوو لەوێ دەعوەت كرابووین و نوێنەری ئێمە لەوێ بەشدار بوو و لەوێ وتاریان خوێندەوە و بەرنامە و ویست و داخوازییەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند.

**پ: لەسەر ئەم كۆنگرەیە دەمهەوێ زیاتر قسە بكەین، بۆ یەكەمجارە لە ئەنكارا سەرەڕای ئەو زەخت و زۆریانەی كە پێشتر لەلایەن دەوڵەتی توركیاوە ئێمە شاهیدی بووین، بەڵام هەست بە كرانەوەیەكی سیاسی دەكرێت. لە ئەنكارا دەوڵەتی توركیە كۆنگرەیەك ڕێك دەخا و لەو كۆنگرەیەدا سەرانی ئەحزاب یان لانیكەم نوێنەرانی حیزبە سیاسیەكانی هەر ٤ پارچەی كوردستان باسی دەستەبەر كردنی مافەكانییان دەكەن و باسی میكانیزمی گەیشتن بەو مافانە دەكرێت، ئێوە وەك حیزبی دێموكرات، هەر وەك فەرمووت لەوێ نوێنەرتان هەبوو. دەسكەوتەكان چی بوون؟ باسەكان چی بوون؟ بە چ ئاكامێك گەیشتن؟**

**و:** ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەكی گرینگە كە لە توركیەدا وشەی كورد قەدەغە كرابوو و كەس نەیدەوێرا باسی مەسەلەی كورد بكات، ئێستا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی كە لە ئانكارا شارەزایانی ٤ پارچەی كوردستان كۆ دەكەنەوە بۆ ئەوەی باس لە مەسەلەی چارەسەر كردنی كێشەی كورد لە ناوچەكەدا بكەن، ئەوە نیشان دەدا كە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێكی سیاسییە و هەنگاو دەنێت بۆ پێشەوە بەرەو چارەسەر كردنی كێشەكانی خۆی. جگە لەوە دەیهەوێ ببێتە ئاڵاهەڵگری چارەسەری كێشەی كورد لە ناوچەكەدا. تەبیعەتەن ئێمە لەو كۆڕ و كۆبوونەوانەدا بەشداری دەكەین و پێشوازیی لێدەكەین چونكە پێمان وایە كە لە هەر وڵاتێكدا بەتایبەتی وڵاتەكانی زاڵ بەسەر كوردستاندا كە فەزای وتووێژ فەزای كاری دیپلۆماسی و دێموكراتیك ئامادە دەبێت، ئێمەی كورد دەبێ تێیدا بەشدار بین و لەو ڕێگایەدا تێكۆشانی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین. بێجگە لەوانە ئێمە بە حوكمی ئەوی كە وەكوو كوردستانی ئێران سنوورێكی دوور و درێژمان هەیە لەگەڵ توركیا و بەشێكی زۆر لەگەڵی كورد یان بڵێین گەورەترین بەشی گەلی كورد لە توركیادا نیشتەجێیە، ئێمە هەم بەپێی واقێعی ئەمر و هەم بە پێی بارودۆخی سیاسی پێویست دەكات كە ئەو پێوەندییە توند و تۆڵ بكەین و بتوانین پێوەندییەكی باشمان هەبێت، هەم لەگەڵ دەوڵەتی توركیا بۆ ئەوەی كە بتوانین ئێمەش بەرنامەكانی خۆمان لەگەڵ ئەوان باس بكەین و هەم لەگەڵ خەڵكی كورد لە توركیادا كە هاونیشتمانان و هاوزمانانی ئێمەن.

**پ: هەر لەو پێوەندییەدا كاك مستەفا كە فەرمووت خەڵكی باكووری كوردستان هاوزمان و هاونیشتمانی ئێمەن، پێم خۆشە پرسیارێك تەرح بكەم. سەفەری كاك مەسعود لە حەوتووی ڕابردوودا بۆ دیاربەكر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ چ ئاڵوگۆڕێك هاتە گۆڕێ؟**

**و:** لە ڕاستیدا ئەوەش بۆخۆی یەكێكی دیكە لە نیشانەكانی كرانەوەی دەوڵەتی توركیا بە ڕووی كێشەیەكە كە دەیان ساڵە لەگەڵی بەرەوڕووە كە ئەویش كێشەی

> **غەرب لە بەرامبەر ئیمتیازێكی زۆردا كە وەریدەگرێ ئیمتیازێكی كەم بە كۆماری ئیسلامی دەدات و ئەوان تەسلیمی داخوازەكانی ڕۆژئاوا دەبن لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم**

كوردە، ئەگەر لە بیرمان بێت لە ساڵەكانی سەرەتای دامەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ماوەیەكی زۆر حكومەتی توركیا ئامادە نەبوو حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكوو حكومەت بناسێت. تەنانەت ئامادە نەبوو سەرۆك بارزانی وەك سەرۆكی هەرێم بناسێت، بەڵكوو وەك سەرۆكی عەشیرەت باسی دەكرد. بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسی و پێشكەوتنە سیاسییەكان كارێكی وایان كردووە كە دەوڵەتی توركیا لەو ڕاستییە تێبگات و لەو پێوەندییەدا هەنگاو هەڵ بگرێت، ئەو سەفەرەی كە بەڕێز كاك مەسعوود بۆ توركیای كرد، یەكێك لە دەسكەوتە هەرە بەنرخەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە لایەك و لە لایەكی دیكەشەوە دەوڵەتی توركیا بوو كە بۆ ئەو سەفەرە كردی، لەو سەفەرەدا زۆر تابۆ شكا. لە پێش هەمووشتێكدا ئەو كۆبوونەوەیە لە ئامەد گیرا كە ناوەندێكی كوردستانی باكوورە، بێجگە لەوە ئەو وشانەی كە لەوێ بە كار هاتن وەكوو ئەوەی كە لە باسەكانی بەڕێز كاك مەسعوودا هاندانی خەڵكی تورك و كورد بۆ ئاشتی بۆ تەواو بوونی خوێنڕشتن، كوژرانی ڕۆڵەكانی كورد و تورك و پێداگری لەسەر چارەسەری ئاشتییانە و ئەو پێشوازیەی لە كاك مەسعوود كرا، خاڵێكی یەكجار زۆر بەهێز بوو. لە لایەكەوە نیشانیدا كە خەڵكی كورد لەو بەشەی كوردستاندا ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانەیان دەوێت و پێشوازی لە كاك مەسعوود دەكەن بە دەلیلی ئەوەی كە ئاڵاهەڵگری ئاشتی و پێكەوە ژیانی دوو گەلی كورد و توركە لەو وڵاتەدا و لە پێوەندییەدا هەوڵ دەدات، هەروەها حكومەتی توركیا و ئەردۆغانیش زۆر قسەی نوێیان كرد لە پێوەندی لەگەڵ كێشەی كورددا. نێوی كوردیان بە ئاشكرا هێنا و باسی ئەوەیان كردووە كە مەسەلەی كورد ئیدی وەكوو مەسەلەی كورد باس دەكەن نەك وەكوو پێشوو كە بە وشەی تەحقیرئامیز باسی مەسەلەی كوردیان دەكرد. باسی لەوەی كرد كە دەركی زیندانەكان دەكەنەوە ئەوە نیشان دەدا كە ئەو سەفەرە بۆ خۆی بە مەعنای دەستپێكی پێشكەوتنی دیكەشە لەو مەنتەقەدا. لەو بوارەوە من بەگشتی پێموابێ سەفەرێكی زۆر سەركەوتوو بوو و زۆر بە قازانجی گەلی كورد بەگشتی و تەبیعەتەن بۆ هاوسنووری و پێكەوە گرێدانی ڕەوابتی نیزیك و دۆستانەی بەینی هەرێمی كوردستان و توركیە بێ.

**پ: لەم ماوەی ڕابردوودا حكوومەتێكی كاتیی لە كوردستانی ژێردەسەڵاتی سووریە ڕاگەیەندراوە لە لایەن پارتی یەكیەتی دێموكرات و هەموو لایەك بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە لەسەر ئەم وەزعە و بەتایبەتی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لەم بارەیەوە لێدوانی داوە، ئەم لێدوانە زۆریش بە خراب تەفسیری لێكراوە ئێوە ئەساسەن دامەزراندنی ئەو حكوومەتە كاتییە لە كوردستانی ژێردەسەڵاتی سووریەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، بە سەرنجدان بەو حاشییەی كە لە دەوروبەری هەیە؟**

**و:** ئەو واقعییەتەی كە ئەوڕۆ لە كوردستانی سووریە تێدەپەڕێ واقعییەتێكە كە ئەگەر لە مانگەكانی سەرەتادا بڕێك نادیار بوو، بۆ خەڵك ناڕوون بوو، ئێستا ئیدی بە تەواوی ڕوون بۆتەوە. ئەویش بەو مەعنایەیە كە حكوومەتی سووریە لە واقعدا لەگەڵ ئەوەی هێزەكانی هەر لە كوردستانی سووریە هەن بەڵام لەوێ فەعال نین دەسەڵاتی ئەوێی سپاردووە بە هێزێكی كوردی كە لەوێدا دەسەڵاتی خۆی بەكار دێنێ، بوونی هەر نەوعە حكوومەت و دەسەڵاتی خۆجێیی بۆ كورد لە كوردستانی سووریە وەكوو هەموو بەشەكانی دیكە دەسكەوتێكی زۆر گەورەیە. دەبێ هەموو لایەنێك پشتیوانی لێ بكات، بەڵام بە مەرجێك كە ئەوە دەسكەوتی كورد بێ نەك حكوومەتی لایەنێك بێ كە بە زۆری چەك سەپاندبێتی، گەلی كورد زیاتر لە سەد ساڵە خەبات دەكا بۆ ئازادی و ڕزگاری لە چنگ زۆرداری و دیكتاتۆری و پاوانخوازی. ئەوە بە مەعنای ئەوە نیە كە كورد خەبات دەكا بۆ ئەوەی كە لە پاوانخوازیی تورك و عەرەب و فارس ڕزگاری بێ، بەڵام پاوانخوازیی كورد قبوڵ بكا، بەتایبەت ئێستا ئەو سەردەمەش نەماوە. بۆیە من پێموابێ كە ئەو حكوومەتی خۆجێیی یا هەر شتێكی ناوی لەسەر بنێن، كاتێك دەتوانین ئەوەڵەن بڵێین حكوومەت یا دەسەڵاتی كوردی سووریە كە كوردی سووریە تێیدا بەشدار بێ و بتوانن هەموو بە ئازادی و بە مافی یەكسان بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی كە ئێستا ئێمە لەو شوێنە دەیبینین بەپێچەوانەیە، بەشێكی زۆر لەوانەی كە جیابیرن لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی كە لەوێ پێكهاتووە لە ژێر زەخت و زۆردان، ئازادیی فەعالییەت و تێكۆشانیان نیە، ژمارەیەكی زۆر لە تێكۆشەوانی ڕێكخراوەكانی كوردی سووریە تیرۆر كراون، ئەوانە بۆ خۆی لە ژێر گوماندان. سەردەمێك ئەو شایعەیان بڵاو كردەوە كە كۆمەڵكوژی كراوە لە لایەن گرووهەكانی ئەلنوسرە و باقی گرووپە ڕادیكاڵەكان، بەڵام دەركەوت وانەبووە. بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاش ئەوە بە دروست دەزانم كە هەموو كورد لەوێ پێكەوە بتوانن هەر نوعە دەسەڵاتێكی كە بە پێویستی دەزانن دابمەزرێنن. ئێستا فورسەتێكی باشە و هیوادارم ئەوە بە

> **ئەو سەفەرەی كە بەڕێز كاك مەسعوود بۆ توركیای كرد، یەكێك لە دەسكەوتە هەرە بەنرخەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە لایەك و لە لایەكی دیكەشەوە دەوڵەتی توركیا بوو**

یەكگرتوویی پێك بێت و لایەنێك بە تەنێ نەیهەوێ بە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی كە بە بۆچوونی من بەرژەوەندیی خۆشی لانیكەم لە درێژخایەندا لەو شێوە ڕەفتارەدا نیە بیهەوێ ئەو فورسەتە باشەی كە لەوێ هاتۆتە پێشێ بقۆزێتەوە. لەو پێوەندییەدا من موافقی نەزەراتی بەڕێز كاك مەسعوودم كە لەسەر مەسەلەی كوردستانی سووریەدا ڕایگەیاندووە چ لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتیدانی ئینسانی كە تاكوو ئێستا چ وەكوو كوردی كوردستانی عێراق كردوویانە چ وەكوو حكوومەتی هەرێم كردوویانە و ئێستاش ئەو یارمەتییانە هەروا بەردەوامن و هەروەها ئەو هەوڵ و تێكۆشانانەی كە كراوە بۆ ئەوەی كە كوردەكانی سووریە بە شێوەی یەكدەست و یەكگرتوو بتوانن بڕیار بدەن نەك یەك لایەن بە تاقی تەنێ بۆ خۆی بڕیار بدا و بڕیارەكەی بە سەر لایەنەكانی دیكەدا بسەپێنێ.

**پ: كاك مستەفا دواپرسیارم بۆ بەرچاوڕوونی بینەرانمان ئەویش باسێكی زۆر هەستیارە كە ڕەنگە بۆ كۆمەڵگای كوردستانی ئێران بە گرینگی تەعقیبی بكەن. كاك خالیدی عەزیزی لە وتووێژێكدا باسێك دەكات كە گەڵاڵەیەك دراوە بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بۆ ئەساسی یەكگرتنەوەیە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا پێمخۆشە ڕای گشتیی كوردستان زیاتر ئاگادار بكەنەوە؟**

**و:** بەڵێ، ئەوەی كە واقعییەت بێ لە ماوەی ساڵێك لەوەپێش یا بڵێین پێش كۆنگرەی ئەخیری حیزب بڕیارێكی كە لە كۆنگرەدا دراوە ئێمە بەپێی ئەو بڕیارە پێوەندییەكانمان لەگەڵ ئەو ڕەفیقانەمان تازە كردۆتەوە. لە زۆر خاڵدا ئێمە پێكەوە دانیشتن و مەشوەرەتمان هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەی كە مەربووت بە ئێرانن، مەربووت بە كوردستانن و ئەو ڕەوشە درێژە دەدەین بەڵام سرووشتییە كە ئەوە كۆتایی مەسەلەكە نیە و بڕیارەكە ئەوەیە كە لە نەهایەتدا عادی بوونەوەی ئەو پێوەندییانە بگاتە یەكبوونەوە، پێش ئەو گەڵاڵەیەی كە كاك خالید عەزیزی باسی دەكا، ئێمە گەڵاڵەیەكمان پێشكەش كردوون كە ئەو گەڵاڵەیە لە كاتی خۆیدا وەختێك تەسویب كراوە كە هەموومان لەسەری موتەفیق بووین بۆ یەكگرتنەوە دوای ئەو جودابوونەوەی كە پێشتر هێنایانە پێشێ ئێمە ئەو گەڵاڵەیەمان پێشكەش كردووە، لەسەر ئەو گەڵاڵەیە قسە بكەین و لەو چوارچێوەیەدا بتوانین ڕێگاحەل ببینینەوە بۆ یەكبوونەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان بێ ئەوەی كە جوابێكی ئەو گەڵاڵەیە بدەنەوە یا ئامادە بن موناقشەی لەسەر بكەن، ئەو گەڵاڵەیەیان ڕەت كردۆتەوە و گەڵاڵەیەكی دیكەی خۆیان داوە، ئەو گەڵاڵەیە بەدەستی ئێمە گەیشتووە، بەڵام جیاوازیی زۆرە لە نێوان ئەو دوو گەڵاڵەیەدا. تەبیعەتەن ئێمەش دەبێ ئەو گەڵاڵەیەی كە ئەوان داویانە موتالعەی بكەین و لە كاتی پێویستدا لە كومیتەی ناوەندیدا بێتە بەرباس، بەڵام بۆ ئێمە موهیمە كە ئێمە وەڵامی ئەو ڕەفیقانەمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گەڵاڵەیەی كە پێشتر ئێمە داومانە لەسەری قسە بكرێ و ئەگەر خاڵێكی وای تێدا هەیە كە جێگای موناقشەیە پێمان بڵێن و ئەگەر پێویست بوو دەبێ ئاڵوگۆڕی تێدا پێك بێنین، تەبیعەتەن ئەوانە جێگای موناقشەن، بەڵام ئەوەی كە ئەو گەڵاڵەیە ڕەت بێتەوە و گەڵاڵەیەكی دیكە بێتە جێگای ئەو بڕێك لە باری سیاسییەوە وردبینیی زیاتری دەوێ، بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە دەمانهەوێ هەروا ئەو پرۆسە درێژە بدەین.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### دەستپێكی باش و ئەنجامی ناتەواو

ماڵپەڕی "ئێكۆنۆمیست" وتارێكی لە ژێر ناوی "دەستپێكی باش و ئەنجامی ناتەواو" لە بارەی ڕێككەوتننامەی ٢٤ی نوامبری شەش وڵاتی زلهێز و ئێران لەسەر بەرنامەی ناوكیی ئێران بڵاو كردەوە.

لەم وتارەدا كە بە قەڵەمی دەستەی نووسەرانی "ئێكۆنۆمیست" نووسراوە، بە وردی قامك خراوەتە سەر هەوڵەكانی وڵاتانی پێنج زێدە یەك لە ڕابردوودا بۆ پێشگرتن بە چوونەپێشی بەرنامەی ناوكیی كۆماری ئیسلامی بەرەو دروستكردنی بۆمبی ناوكی و لەو پێوەندییەدا كۆمەڵێك ئامار و ئەرقام خراونەتە ڕوو و شی كراونەتەوە. دواتر ڕێككەوتننامەی ٢٤ی نوامبر بە وردی شی كراوەتەوە و باس لەو خاڵە لاوازانەی كراون كە كۆماری ئیسلامی دەتوانێ بە هۆیانەوە دەور بداتەوە و هەروەها سوودەكانی كۆماری ئیسلامیش بۆ كەمكردنەوەی گەمارۆكانی سەری بە وردی باس كراون. لێرەدا لەبەر دوورودرێژیی وتارەكە، تەنیا چەند ڕستەیەكی وتارەكە كە دەرەنجامگیرییان تێدایە، بە نموونە دەهێنینەوە.

"دژوارە كە بەرنامەی بەرین و لە حاڵی گەشەی پیتاندنی ئێران بەگشتی بۆ ئامانجگەلی ئاشتیخوازانە ببینرێ، ئەو وڵاتە ڕێكۆردی فریوكاری بەزاندووە و كاتێك پرسی پشكنین دێتە ئاراوە، متمانەكردن پێی دژوارە. سەرەڕای ئەمەش، ڕێككەوتننامەكە بە جۆرێك قبووڵی كردووە كە ئێران لە یاریی پیتاندندا دەمێنێتەوە."

"گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی درێژخایەن كە هەموو پێویستییەكانی تێدابێ، ئاسان نابێ. وتووێژكەرانی ئێرانی ڕەنگە بۆ توندتربوون، لە ژێر گوشاری گرووپە توندڕەوەكانی نێوخۆدا بن. ڕووحانی لە سوودبردن لە پشتیوانیی ڕێبەری، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی كە لە هەموو پرسەكانی حكوومەتدا دوایین قسە دەكات، بەردەوامە."

ئەوەی لە خوارەوە دێ، وەرگێڕاوی خشتەیەكی نیشاندەری خاڵەكانی ڕێككەوتننامەكەی ٢٤ی نوامبر كە لە وتارەكەدا هاتبوو:

"ڕێككەوتننامەی كاتی

*خەزێنەكانی ئۆرانیۆمی پیتێنراو:

- هەموو ئەو ئۆرانیۆمانەی كە زیاتر لە ٥٪ پیتێنراون، تا خوار ٥٪ تراو دەكرێنەوە یان دەگۆڕدرێن بە ئۆكسید
- زیادنەكردنی دەرسەدی خەزێنەی ٣,٥٪ پیتێنراو

*توانایییەكانی پیتاندن و بەرهەمهێنانی وزە

- هیچ سانتریفیوژێكی نوێ دانامەزرێ
- هیچ سانتریفیوژێكی نەوەی نوێ بۆ پیتاندن بەكار ناچێ
- ٥٠٪ی سانتریفیوژەكانی نەتەنز و ٧٥٪ی فەردوو لە گەڕ دەخرێن
- هیچ ئیمكاناتێكی نوێی پیتاندن وەگەڕ ناخرێ
- پەرەپێنەدان بە هیچ ئیمكاناتێكی سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوە

* پەرەپێدانی ڕێئاكتۆر

- كاركردن لە پێناو ئامانجی ڕاگرتنی ڕێئاكتۆری ئەراك
- وردەكارییەكانی دیزاینی ئەراك هاوبەش دەكرێن

*پشكنینی IAEA

- دەستڕاگەیشتنی ڕۆژانە بە ئیمكاناتی پیتاندن لە نەتەنز و فۆردوو
- چاودێریی ٢٤ كاتژمێری كامێرا لە سایتە سەرەكییەكان
- دەستڕاگەیشتن بە كارخانەی سانتریفیوژ و سایتە هاوشێوەكان
- دەستڕاگەیشتن بە كانزاكانی ئۆرانیۆم و ئاشەكانی ئۆرانیۆم
- دەستڕاگەیشتنی بەردەوامتر بە ئەراك
- كۆمیسیۆنی دامەزراو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان، وەڵامی نیگەرانییەكانی پێوەندیدار بە ئەگەری ڕەهەندە سەربازییەكانی بەرنامەكان بداتەوە
- دابینكردنی هەموو ئەو داتانەی بۆ پرۆتۆكۆلی هاوپێچ پێویستن"

سەرچاوە:
www.economist.com

# راگەیەندراوی کانوونی نووسەرانی ئێران

## بە بۆنەی ١٣ی سەرماوەز، رۆژی خەبات دژی سانسۆر

١٣ی سەرماوەز "نە" بۆ سانسۆر
"بەڵێ" بۆ ئازادیی رادەربڕین

ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سانسۆر هەردەم لە ناوەندی چالاکییەکانی نووسەران و هونەرمەندانی پێشکەوتوو و دەروەست لە سەرانسەری دونیادا بووە. چ ئەوانەی کە تەنیا بەرامبەر بە هونەرەکەیان دەروەست بوون و چ ئەو هونەرمەندانەی کە باوەڕیان بە مافە مرۆییەکان هەبووە. ئەوانە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی سانسۆر لە کۆمەڵگادا، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە ئەو هەوڵانە لە ئێراندا بە شێوەیەکی جیددی تر لە ئارادا بووە.

سەرماوەزی ساڵی پاریش، هاوکات لەگەڵ بیرئانینی رۆژی خەبات دژی سانسۆر، راگەیەندراوێك بە واژۆی ١٧٠ نووسەرەوە بڵاو بووەوە کە داخوازە سەرەکییەکەی لابردنی سانسۆر لەسەر کتێب بوو چ پێش چاپ و چ لە پاش چاپ.لە ماوەی ساڵی رابردوودا نووسەران و هونەرمەندانێکی زۆر بەرهەڵستی سانسۆر بوونەوە و نووسیان و گوتیان و رادەی ناڕەزایەتی و رەخنە بەرامبەر بە سانسۆر بە بەراورد بە ساڵانی پێشووتر گەلێك زیاتر بوو. کاریگەرییەکانیشی بە هەڵوێستەکانی بەرپرسانی دەوڵەتی نوێوە دیارە وەزیری ئیرشاد هەرلە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە چووە ریزی رەخنەگرانی سانسۆرەوە و بەو کارەی نیشانی دا کە بەردەوامیی سانسۆر بەو شێوەیەی کە هەیە بۆ دەسەڵات گەلێك زەحمەت بووە. هەرچەند

زۆر زوو دەرکەوت کە ژێستی رەخنەگرانەی ئەو تەنیا شانۆیەك بوو، بەوحاڵەش لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی رەخنەگرانە لە تریبۆنی دەوڵەتەوە، گەلێك دەنگی دیکەی پەنگ خواردوو لە قوڕگدا لە کۆمەڵگادا زرینگایەوە. راپۆرت و هەواڵ و وتار سەبارەت بە سانسۆر لە بڵاوکراوەکاندا چاپ کران کە تا پێش لەوە، تەنانەت وشەی سانسۆریش بەکار نەدەبرا. نامەی سەرئاواڵەی ٢٠٤ نووسەر بۆ وەزیری ئیرشاد لەم دەورەدا بڵاو بووەوە. ئەوانەی واژۆیان کردبوو پێشنیاریان دابوو مۆڵەتی چاپ هەڵگیرێت و نووسەران خۆیان بەرپرس بن لە نەبەزاندنی هێڵەکانی سانسۆر. کانوونی نووسەرانی ئێرانیش هەردەم خوازیاری لابردنی هەرچەشنە سانسۆرێك لە کۆمەڵگادا بوون و خوازیاری ئازادی رادەربڕین بۆ هەمووان بوون بە بێ هیچ پاوان کاری و هەڵاواردنێك.

لەگەڵ ئەوەدا کە ناڕەزایەتی دەربڕینەکان و رەخنەکان نەیانتوانیوە پێش بە بەرەوپێشچوونی رەوتی سانسۆری دەوڵەتی بگرن و سەرهەڵدانی ئەم ناڕەزایەتییانە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکە، بەڵام هێشتاش درگاکە لەسەر هەمان پاژنە دەسووڕێن و سانسۆر کردنی بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندان بەردەوامە، دیسانەوەش کتێبەکان بە تیراژێکی کەمەوە چاپ دەبن و سینەماکان چۆڵتر و شانۆش کەوتۆتە ئاویلکە، دەنگی مۆسیقا کز بووە و...سانسۆر بە توندی بۆتە هۆی بێ‌متمانە بوونی خەڵك بە هونەر و ئەدەب. بەو حاڵەوە بۆ هەڵگرتنی سێبەری قورسی سانسۆر لەسەر هونەر و ئەدەب و لادانی ئەم دیاردە شوومە لە کۆمەڵگا، تەنیا رێگە، پەرەپێدان و هاوتەریب کردنی ناڕەزایەتییەکانە، ١٣ی سەرماوەز رۆژی ئەو هەڵوێستەیە. ئەو رۆژەی کە دەنگی ناڕەزایەتی لە هەرچەشنە سانسۆرێك، خواستی ئازادی رادەربڕین بە بێ هیچ پاوانکاری و هەڵاواردنێك ببێتە هاوارێکی یەکدەنگ. ١٣ی سەرماوەز رۆژی "نە" بۆ سانسۆر و "بەڵێ" بۆ ئازادیی رادەربڕینە.

کانوونی نووسەرانی ئێران رێز لە رۆژی ١٣ی سەرماوەز، رۆژی خەبات دژی سانسۆر دەگرێت و پیرۆزبایی ئەم رۆژە لە هەموو چالاکانی ئازادیی رادەربڕین دەکات.


بەرز و پیرۆز بێت ١٣ی سەرماوەز رۆژی
خەبات دژی سانسۆر!
کانوونی نووسەرانی ئێران

# سنوورەکان بشێوێنن...

جەلال مەلەکشا

سنوورەکان بشێوێنن
من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم،
چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە
من دڵداری کوردستانم!
من ئەزانم
بەفر بۆ خوێن
چۆن باوەشی ئەکاتەوە
داربەڕووەکان بە کام تاوان ئەسووتێنن
من ئەزانم
مرۆڤ لەگەڵ بیری مەرگا چلۆن ئەژی
پڵینگ ئاوی رق و کینە
لە کام کانی ئەخواتەوە!
من ئەزانم
تینووەکان چۆن
مەمکەی چیا ئەچەکێنن
کوێستان چۆن خوێن لە رووخساری ئەسڕێتەوە
دڵدارەکان بە کام وشە دێنە بەیان
تفەنگ بە کام دەنگ و زمان
سیاچەمانەی کوردەواری ئەچڕێتەوە!
من دڵداری کوردستانم!
من ئەمەوێ
لە شەقامە قۆرخەکانی دیاربەکرا
شمشاڵ لێدەم
قام و حەیران بخوێنمەوە
لە چوارچرای مەهابادا
هەڵکەم ئاڵاکەی کوردستان
لە قامیشلی هاوار کەم و...
لەگەڵ چینی کرێکارا
شاری کرکووک
بە مانگرتن بژوێنمەوە!
سنوورەکان بشێوێنن
کورد بنەڕەتی جیهانی نا و...
خۆی لە چینی دیوارەکانیا پڕووکا
بوو بە خوێن و
دڵۆپ
د
ڵ
ۆ
پ
بە سەر هەموو دنیا تکا-!
من دڵداری کوردستانم!
وڵاتەکەم پێ دەنەوە
نەخشەی جیهان بخوێنن و...
سنوورەکان شی کەنەوە.

# هەڵاتنی ئەستێرەی حەڤدەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ




حەڤدەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ وەکوو نەریتێکی ساڵانە لە رۆژانی ٢١-٢٥/١١/٢٠١٣ بەناوی خولی شێرکۆ بێکەس و بە دروشمی: " گەلاوێژ ..رایەڵەی داهێنەران و گوڵچنینی بەهرەمەندانە" بەڕێوەچوو.

حەڤدەیەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ رۆژی ٢١/١١/٢٠١٣ لە هۆڵی سلێمانی پالاسی سلێمانی بە ناوی خولی شێرکۆبێکەس و لە ژێر دروشمی:" گەلاوێژ ..رایەڵەی داهێنەران و گوڵچنینی بەهرەمەندانە" دەستی پێکرد و ماوەی پێنج رۆژی خایاند. لەو فێستیڤاڵەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدیبان و رەخنەگران و رۆشنبیرانی فەرەنسی، عەرەب، ئێرانی و کورد بەشدار بوون.

رۆژی یەکەمی فێستیڤاڵ بە خوێندنەوەی وتاری سەرۆکی بنکەی گەلاوێژ و وتاری سەرۆکی حکومەت و مەلابەختیار سەرپەرشتیاری گشتیی فێستیڤاڵ و خوێندنەوەی شیعر و پیشاندانی فیلمی دێکۆمێنتاری لەسەر چالاکییەکانی بنکەی گەلاوێژ و چەند بڕگەیەك گۆرانی دەستی پێکرد. دواتر سەرجەم میوانەکان سەردانی گۆڕی شاعیری نەمری گەلەکەمان مامۆستا شێرکۆبێکەسیان کرد و لە لایەن وەفدە میوانەکان و خانەخوێی فێستیڤاڵەوە تاجە گوڵینە و چەپکە گوڵی رێز و وەفاداری لەسەرگۆڕی ئیمپراتووری شیعری کوردی دانرا. پاشان میوانەکان بەشداری رێوڕەسمی کرانەوەی پیشانگای کتێب لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی بوون. پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکەمی فێستیڤاڵ تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی بەشدار لە بەشی کێبڕکێدا.

رۆژی دووهەمی فێستیڤاڵ تایبەت کرابوو بە توێژینەوەی میوانە عەرەبەکان کە لە هەردوو دانیشتنەکەی سەرلەبەیانی و پاش نیوەڕۆدا، سەرجەم حەوت لێکۆڵینەوە پێشکەش کران کە لێکۆڵینەوەکانی پاش نیوەڕۆ تایبەت بە شیعری شێرکۆبێکەس بوون.

رۆژی سێهەمی فێستیڤاڵ تەرخان کرابوو بۆ میوانە فەرانسەوییەکان کە ئەو میوانانەش سەرجەم هەشت لێکۆڵینەوەیان لە دوو تایمی سەرلەبەیانی و پاش نیوەڕۆدا پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

رۆژی چوارەمی فێستیڤاڵ تایبەت بە میوانانی ئێرانی کرابوو کە ئەوانیش لە دوو بەشی پاش نیوەڕۆ و ئێوارەدا کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە و کۆڕێکی لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کرد. شایانی باسە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدیبان و رەخنەگران و شاعیرانی هاوچەرخی ئێران لەو دیدارەدا ئامادە بوون. دیارترین کەسایەتیی میوانە ئێرانییەکان، بەڕێز عەلی ئەشرەف دەرویشیان بوو کە بە رەچەڵەك کوردە.

هەروەها سەرلەبەیانی رۆژی پێنجەم و کۆتایی فێستیڤاڵ تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان کە لە لایەن میوانانی کوردەوە پێشکەش کران. پاش نیوەڕۆی رۆژی کۆتایی سەرەتا خەڵات بەسەر براوەکانی کێبڕکێکی هەرسێ بواری شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوەدا دابەش کرا و دواتر میوانانی بیانی فێستیڤاڵ خەڵاتی رێزلێنانیان پێبەخشرا.

شایانی باسە کە هەموو ساڵێك لە بەشی کۆتایی فێستیڤاڵدا خەڵاتی ئەحمەد هەردی دەبەخشرێتە نووسەرێکی دیار و گەورەی کورد. خەڵاتی زێڕینی هەردی لە حەڤدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا لە لایەن خاتوو ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەخشرایە مامۆستا عەلی ئەشرەف دەرویشیان.

# بڵاوکراوەی نوێ




پەرتووکی بنەماکانی کۆمەڵناسی کە بە قەڵەمی بورۆس کۆهێن نووسراوە، هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆیی و ئەوەی پێوەندیی بە ژیانی تاکی کۆمەڵگا و بەشی کارگێڕی و پیشە و پیشەسازییەوە هەیە، دەخاتە بەرباس و لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێك پێشنیار دەخاتە بەر دەستی توێژەران و خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسان. شایانی باسە کە ئەم پەرتووکە یەکێکە لەو پەرتووکانەی کە بۆ زۆربەی هەرەزۆری خۆێندکاران، سەرچاوەیەکی بەپێزە و لە زانکۆکانی ئێراندا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی کەڵکی لێوەردەگیردرێ.

ئەم پەرتووکە لەلایەن چەکۆ ئەحمەدی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ئێستا لە پەرتووکخانەکانی کوردستاندا دەست دەکەوێ. رۆژنامەی کوردستان هێوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ئەم پێشمەرگە دەخوازێ.

# کچێکی سەقزی بوو بە براوەی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لە فستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی



ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی بە ئامادەبوونی سینەماکارانی هەر چوار پارچەی کوردستان، چوارەمین خولی فێستیڤاڵی کورتە فیلمی "نا بۆ توندوتیژی"، دەستی بەکارەکانی کرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

لەم فستیڤاڵدا ٧٠ فیلم بەشداریان کردووە و ٢١ فیلم بۆ بەشی پێشبڕکێ هەڵبژێردران.

فێستیڤاڵەکە لە لایەن شاجوانی کوردستانەوە کرایەوە، پاشانیش میوانانی فێستیڤاڵ بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵەکەدا تێپەڕین.

سەرۆکی فێستیڤاڵ فەرهەنگ غەفوور، ڕایگەیاند، هیوادارین ئەم فیستیڤاڵە وەك فێستیڤاڵەکانی دیکەی کورتە فیلم ببێتە پردی پەیوەندی نێوان هونەرمەندان و تاکەکانی کوردستان.

ئەوەشی خستەڕوو، ئەمڕۆکە کوردستان بەردەوام هەنگاو بۆ بەرەو پێشەوە دەنێت، ئێستاش بۆ ساڵی ٢٠١٤ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لە هەولێر بەڕێوە دەچێت.

لەلایەن خۆشیەوە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.کاوە مەحموود، ڕایگەیاند، "ئێستا کە کوردستان لە هەنگاو بڕینی بەردەوامدایە بۆ خزمەتی تاکی کورد و مرۆڤی کورد، لە ناوەندی کۆمەڵگادا کە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئێمە کارەکانمان درێژە پێدەدەین و بەردەوام دەبین لەو هەنگاوانەوە کە خزمەت دەگەیەنێت بە ژنانی کوردستان".

ئەوەشی خستەڕوو، "ئێمە بۆیە ئەو هەڵمەتە ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی بجولێت و خزمەت بە خۆمان و خۆشی ژیانی خۆمان بکەین، نەك بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ جیهاندا".

بەپێی بەرنامەی فێستیڤاڵ، لەماوەی دوو ڕۆژدا لە چوار دانیشتنی جیاوازدا، ٢١ کورتە فیلم نمایش کران و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو فێستیڤاڵە نزیکەی ١١ لێژنە پێکهێنرا بوون.

لە ئاکامدا خەڵاتەکان بەم چەشنە دابەش کران:

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن، درا بە هەڵالە حوسین زادە بۆ فیلمی "کازیوەی شیرین" لە دەرهێنەریی هاوبەشی محەممەد فەرەج زادە و جەمیل مەعروفیان.

خەڵاتی باشترین بیرۆکە درا بە تۆفان ئەبوبەکر بۆ فیلمی "منداڵ لە بێشکەدا بە شوودان".

خەڵاتی باشترین سێناریۆ درا بە فیلمی "پەپووك".

خەڵاتی باشترین فیلمی دێکومێنتاری درا بە فیلمی "خاتوو بەدبەخت" لە دەرهێنەری خالید حەمەلاو.

خەڵاتی باشترین مۆنتاژ درا بە فیلمی "ڕازی یا نا" سۆران ئیبراهیم.

خەڵاتی باشترین دەرهێنان درا بە سامی کاکە بۆ فیلمی "دوانێگا".

# کوردستانی ئێران هەموو خەڵاتەکانی فێستیڤاڵی فیلمی لەندەنی بردەوە

دەرهێنەرانی کوردستانی ئێران هەموو خەڵاتەکانی هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەنیان بەدەستهێنا.

ڕۆژی هەینی ٢٢ی نوامبر ٢٠١٣ ئاهەنگی کۆتایی هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن لە وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو، ٢٣ فیلمی درێژ، ٤٦ فیلمی دێکۆمێنتاری و ٢٠ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی فێستیڤاڵەکە و هەروەها ٣٢ کورتە فیلم لە بەشی چوارەمین خولی پێشبڕکێی کورتە فیلمی "یەلماز گۆنەی" بەشداربوون.

لە کۆی ئەو فیلمانەی بەشداریی ئەو فێستیڤاڵە بوون، پێنج کورتە فیلم خەڵات کران کە هەموویان بەرهەمی کوردستانی ئێران و لە دەرهێنانی هونەرمەندانی کوردن.

خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن بەخشرا بە کورتە فیلمی غەریب "غریب" لە دەرهێنانی سەلاحساڵحی، خەڵاتی دووهەم بەخشرا بە کورتە فیلمی سقواد "جوخە" لە دەرهێنانی ئازاد محەممەدی، خەڵاتی سێهەم بەخشرا بە کورتە فیلمی تەموومژ "مە" لە دەرهێنانی هونەرمەند سەعادەت عەزیزی، خەڵاتی چوارەم بەخشرا بە کورتە فیلمی "قی قو" لە دەرهێنانی هونەرمەند ئیرەج محەممەدی و کورتە فیلمی شوێن پێی ژیان "ردپای زندگی" لە دەرهێنانی هونەرمەند فاتمە دەستمەرد.

لە پەراوێزی هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن و چوارەمین پێشبڕکێی کورتە فیلمی یەلماز گۆنەی فیلمی سینەمایی "وەرزی کەرگەدەن" لە دەرهێنانی هونەرمەندی کوردی ئێرانی بەهمەن قوبادی نمایش کرا.

هەروەها بەمەبەستی پشتگیریکردنی زیاتر لە فیلمسازانی کورد و جیهانیی و هاندانیان بۆ گرنگیدان بەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کورد و هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هەیە، فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ئەمساڵ پێشبڕکێی سێناریۆ نوسینی ساز کرد.

لە کۆی ٣٠ بیرۆکەی سێناریۆ، ١٠ بیرۆکە لەلایەن لێژنەی داوەریەوە هەڵبژێردران و خەڵاتی باشترین بیرۆکەی سێناریۆ بە بڕی ٥ هەزار دۆلار بەخشرا بە فیلمساز و سێناریۆنووس مازن شێرەبیانی، ئەم خەڵاتە بە سپۆنسەریی (زانکۆی کوردستان لە هەولێر) دابینکرابوو.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن ڕۆژەکانی ١٥ تا ٢٤ی نوامبر/ ٢٤ی خەزەڵوەر هەتا ٣ی سەرماوەز لە سینەمای "هاکنی پیکچێرز هاوس" لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن و سینەمای "ویسبۆرن ئوستوریو" لە ڕۆژئاوای شاری لەندەن پێتەختی وڵاتی بەریتانیا بەڕێوەچوو.

لێژنەی داوەرانی ئەو فێستیڤاڵە پێکهاتبوون لە سینەمەکاران و دەرهێنەرانی ناودار عایشە پۆڵات دەرهێنەری خەڵکی تورکیا و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان، بیری شەڵماش سینەماکاری خەڵکی تورکیا و دانیشتووی وڵاتی بەلژیك، لۆرا ئورەس جۆنس سێناریۆنووس و دەرهێنەری بریتانیایی، نیهات سیڤەن ئەکتەر و لێکۆڵەری سینەما خەڵکی وڵاتی بریتانیا و تیم کەندی لێکۆڵەر و ڕەخنەگری سینەما خەڵکی بریتانیا.


لێژنەی داوەرانی بەشی سێناریۆنووسی پێکهاتبوون لە هونەر سەلیم دەرهێنەری کوردی دانیشتووی وڵاتی فەرانسە، جولیا ساکو ئەکتەری سینەما خەڵکی بریتانیا، مەمەت ئاکتاش بەرهەمهێنەری ئاڵمانی، نیکولا گالانی دەرهێنەری بریتانیایی، شەوکەت ئەمین کورکی دەرهێنەری کورد خەڵکی هەرێمی کوردستان.

## نیئۆکلاسیزم چیە؟

نیئۆکلاسیسم یان نیۆکلاسیزم بزووتنەوەیەکی هونەری لە بوارەکانی هونەری دیزاین، هونەرە خەیاڵییەکان، ئەدەبیات، تیاتر، موسیقی و مێعماریە کە بریتیە لەو بەرەهەمە هونەرییانەی کە لە ژێر کاریگەریی هونەری یونان و ڕۆمی کەونارادایە، بەڵام دوای ئەو خولقاون. هونەرمەندەکانی پەیڕەوی ئەم بزووتنەوەیە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەهەم تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئورووپادا سەرقاڵی تێکۆشان بوون.

هەواڵ

## وێنەگرێکی بۆکانی لە رکابەرییە جیهانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا



هونەرمەندێکی کورد لە ڕکابەرییەکانی وڵاتی "ئیسلۆنی" توانی میداڵی زێڕ لە بواری باشترین وێنەدا بەدەست بێنێت.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لوقمان رەحیمی لە وێنەگریی "کوداك"ی شاری بۆکان لە بەشی سروشتدا بەشداریی لە رکابەرییەکانی وڵاتی ئیسلۆنیدا کردبوو و توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

لوقمان رەحیمی لە وێنەگریی "کوداك"ی شاری بۆکان توانی میداڵی زێڕ لە بواری باشترین وێنەدا بەدەست بێنێت

لەو ڕکابەرییەدا بەرهەمی وێنەگرانی زیاتر لە ٢٠ وڵات بەشدار بوون و لە چوار بەشی سەفەر، ئیسپۆرت، ئازاد و سروشتدا بەڕێوە چوو.

لوقمان رەحیمی پێشتریش بە چەندین وێنەوە بەشداریی لە بەشی گشتیی فێستیڤاڵی "سفرەکانی بەربانگ"دا لە ئێران کردبوو و بەرهەمەکانی توانیبووی لە نێوان ٧٠٠ وێنەی وێنەگرانی شارەکانی ئێران سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

شەشەمین خولی ئەو فێستیڤاڵە لە دوو بەشی گشتیی و تایبەتدا کە وێنەگرانی شارەکانی ئێران تیایدا بەشدار بوون، لە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا بەڕێوە چوو.

لوقمان رەحیمی خاوەن وێنەگریی "کۆداك"ی شاری بۆکانە و ماوەیەك لەمەوبەریش لەلایەن شارەوانی و شۆرای ئەو شارە پێش بە بەڕێوەچوونی پێشانگایەکی وێنەی ناودارانی کورد (نووسەر، ڕۆژنامەوان، وەرگێڕ، ئەدیب و شارەزایانی بواری فەرهەنگ و شاعیران) کە بەرهەمی ئەو هونەرمەندە کوردە بوون، گیرابوو.


## فیلمێک نیکۆل کیدمان و ئەکتەرێکی میسری کۆ دەکاتەوە

فیلمی سینەمایی "شاژنی بیابان"، خانمە ئەکتەری ئۆسترالی نیکۆل کیدمان و ئەکتەری میسری جیهاد عەبدە کۆ دەکاتەوە.

ماڵپەڕی "ئیلاف"ی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە، جیهاد عەبدە دوای ئەوەی بەمدواییە وڵاتی خۆی جێهێشت و رووی لە ئورووپا کرد، لە یەکەم هەنگاودا بەشداری لە فیلمێکی هالیوودا دەکات.

لەم فیلمەدا عەبدە لەگەڵ کیدمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن کە لە نووسین و دەرهێنانی فیرنەر هیرتزوگە کە پێشتر ٤٤ خەڵاتی سینەمایی وەرگرتووە.

هەر لەم فیلمە سینەماییەدا هەریەك لە ئەکتەرانی سینەمایی جێمس فرانکۆ، ڕۆبەرت باتنسۆن، دامیان لویس و سۆفی لاینفیلد بەشدارن



بێ دوان...

# یادێک لە شەهیدانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی سەرماوەزدا

هیوا میرزایی

## شەهید دوکتور قاسملوو: "گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا".

بناغەکانی خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی خەباتکاری داڕێژرا و ئەم حیزبە بە درێژایی تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی کارنامەیەکی پڕ لە سەروەری بۆ خۆی و نەتەوەی کورد تۆمار کردووە. یەکێك لە فاکتە جیاکەرەوەکانی ئەم حیزبە لەگەڵ بەشێکی زۆری حیزبەکانی دیکەی ناوچە، شۆڕبوونەوەی گیانی لەخۆبردوویی یەك بە یەکی ئەندامانی ئەم حیزبەیە لە نێو خەباتەکەیدا، بە واتایەکی دیکە چ لە سەردەمی کۆمار و چ لە ساڵەکانی ٤٧-٤٦ و چ لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و خەباتی ئاشکرا و بەرنگاریی قارەمانانەی ئەم حیزبە لە خاك و خەڵکی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران، ئەندامی حیزبی دێموکرات بە بێ لە بەرچاوگرتنی پلە و پایەی حیزبی بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرپەرچی هێرشی دوژمنانیان داوەتەوە و لەم پێناوەشدا زیاتر لە ٤٠ ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گیانی خۆیان فیدای ئامانجەکان و ڕێبازی حیزب و نەتەوەکەیان کردووە کە قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی سێ ئەستێرەی پڕشنگداری ئەم شەهیدانەن.

مانگی سەرماوەز، لە ڕۆژژمێری خەڵکی کوردستان تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەیە و ئەویش ڕێزگرتنە لەو ڕۆڵە خۆنەویست و گەلویستانەی نیشتمانەکەمان، کەسانێك کە بە باوەڕێکی پتەو و هێزێکی پولایین هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە و بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك و وەرگرتنی هیچ پاداشێك ئامادە بوون خۆشەویستترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیانە فیدای ڕزگاریی نیشتمانەکەیان بکەن. پێشمەرگایەتی وخەباتگێڕی لە نێو حیزبی دێموکراتدا تەنیا تایبەت نەبوو بە بەدەنە و کادرەکانی ئەم حیزبە، بەڵکوو لە ئاستی هەرەبەرزی حیزبیشدا و ڕێبەریی ئەم حیزبە بەردەوام لە سەنگەری بەرخۆداندا فیداکاری و قارەمانیان نواندووە کە لێرەدا هێما بۆ چوار ڕێبەری شەهید دەکەین کە لەم مانگەدا شەهید بوون، بەڵام دوای شەهیدبوونیان نە تەنیا یاد و بیرەوەرییەکانیان لە دڵی شۆڕشگێڕانی دێموکراتدا لەبیر نەکرا بەڵکوو ڕێبازی پڕ لە سەروەرییان دینەمۆی خەباتێکە کە تا گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی هیچکات دانامرکێ.

شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ ناسراو بە کاك هەژار خەڵکی مەهاباد و فەرماندەی هێزی پێشەوا و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە پێشتر ئەفسەری ئەرتەش بووە، وەك فەرماندەیەکی لێهاتوو لە نێو حیزبدا ناوی دەرکرد و پاش چەندین جار بریندار بوون لە شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی بانە لە ڕێکەوتی ١٣٦٠\٩\٢٢ شەهید کرا، جێی ئاماژەیە کە کاك هەژار یەکێك بوو لە ڕێکخەرانی گیرانی پادگانی مەهاباد لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی.

شەهید کەماڵ دەباغی، خەڵکی مەهاباد و ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتە شارستانی کرماشان لە مەئموورییەتێکی تەشکیلاتی لە شاری کرماشان گیراو و پاش خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکنجە و ئازاری درێژ خایەن، لە ڕێکەوتی ١٣٦٤\٩\١٤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئیعدام کرا، خۆڕاگرییەکانی ناوبراو وای کرد کە وەك نموونەی خۆڕاگری لە زینداندا ناوی دەرکرد. ناوبراو پێشتر لە کرماشان مامۆستای دواناوەندی بوو.

شەهید مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسوور ڕەشەهەورامی، خەڵکی گوندی کەڕاوای شاری مەریوان، کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو و خۆشناوی ڕیزەکانی حیزب و خۆشەویستی ناوچەکانی مەریوان و ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتەی هەورامان، ڕێکەوتی ١٣٧٦\٩\١٧ لە پیلانێکی ناجوانمێرانە لە نزیك شاری دوکانی کوردستانی عێراق بە دەستی دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا شەهید کرا. شایانی باسە برایەکی دیکەی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

شەهید مەنسوور ناسری خەڵکی گوندی "حوسێن ئاوا"ی شاری سنە، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەقەڕی حیزب لە شاری سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٣٧٦\٩\١٧ لە پیلانێکی ناجوانمێرانەدا هاوڕێ لەگەڵ شەهیدان مەنسوور فەتاحی، ساماڵ ئیسماییل زادە، ڕەفعەت حوسێنی، یەدوڵڵا شیرین سوخەن لە دەروازەی شاری کۆیەی کوردستانی عێراق بە دەستی دەستوپێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا شەهید کران.

ئەم شەهیدانە نموونەیەك لە دەیان شەهیدی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن کە پێش لە شەهیدبوونیان ماندوونەناسانە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کورد هەوڵیان داوە و بە دڵئاوەڵاییەوە وازیان لە پلە و پێگەی پێشووی خۆیان هێناوە و ژیانی شاخ و خەبات و تێکۆشانیان هەڵبژارد، ژیانێك کە پڕە لە کەند و کۆسپ. ئەوان بۆ ژیانێك شیاوی مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی کورد هەوڵیاندا. شەهیدبوونی ئەوان دیسانەوە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە لە نێو حیزبی دێموکراتدا ڕێبەر بوون تەنیا بۆ خزمەتی زیاتر و فیداکاریی زیاترە و ئەمەیشیان بە فیداکردنی گیانی خۆیان سەلماند و بوون بە ڕەمز و سیمبۆلی خەباتی پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران.

# جامی ژەهر و گومانە ناوکییەکانی خامنەیی

سەلام ئیسماعیل پوور

ڕێککەوتنی ناوکیی ژنێڤ کە لەم ڕۆژانەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وەکوو سەرکەوتنێکی چارەنووسساز بۆ خۆیان ناوی لێ دەبەن، پرسیارێکە کە لەم ماوەیەدا زۆربەی کارناسان، سیاسەتڤانان و بیروڕای گشتیی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی ئەم دۆسییەیەدا بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

تێگەیشتنی جیاواز و زۆر جار پێکناکۆکی لایەنەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنەدا چیرۆکی فیلێك وەبیرمان دێنێتەوە کە لە نێو هۆڵێکی تاریکدا، هەر کەسەو دەستی لە شوێنێکی جەستەی کەوتبوو، لە زەینی خۆیدا هەر ئەو بەشەی جەستەی بە فیل زانیبوو و بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە.

ئەوەی کە بە بێ هیچ دوودڵییەك دەتوانین بڵێین، ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ژنێڤ نە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەیە کە باسی لێ دەکەن و نە بۆ لایەنە ڕۆژئاواییەکانیش گەرەنتییەکی یەکجاری بۆ پێشگرتن بە خەونە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر دەکات.

تەنانەت بە بێ لەبەرچاوگرتن و تاوتوێکردنی نێوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنەش دەتوانین تەنیا بە سەرنجدانێك لە بێدەنگی و جارجاریش کۆمەڵێك وردەگلەیی یان گومانێك لە لایەن هێندێك لە بەرپرسانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی، لەوە تێبگەین کە ڕێژیم بە نەرمی نواندنی بەناو قارەمانانەی خۆی بەشی هەرە زۆری دەسکەوتە ناوکییەکانی خۆی ڕادەستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کردۆتەوە، بەڵکوو بەم شێوەیە بە سەر دۆخی نالەبار و بێ سەرەوبەرەی خۆی و مەترسیی داوەشانی نێوخۆییدا بە شێوەیەکی کاتی زاڵ ببێت.

هەنووکە ئەوەی کە دژبەرانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە نێو دراوسێکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەدا نیگەران دەکات، نەك دەقی ڕێککەوتننامەی ژنێڤ، بەڵکوو ئەگەری لادانی ڕێژیم لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی و بەتاڵکردنی جامی ژەهرێکە کە لە ژنێڤ بەڵێنی خواردنەوەی داوە.

تەنانەت لە دەقی پەیامی پیرۆزبایی خامنەیی بۆ شاندی دانوستانە ناوکییەکانی ڕێژیم و خودی حەسەنی ڕووحانیشدا باسێك لە بە سەرکەوتووزانینی خودی وتووێژەکان و دەقی ڕێککەوتنەکان وەکوو سەرکەوتنێك کە شایانی جێژن گرتن بێت، نابینرێت. لە ڕاستیدا خامنەیی بە ڕاشکاوی تەنیا لەبەر نامەیەك سپاسی حەسەن ڕووحانی دەکات کە ناوبراو پێشتر بۆ ڕێبەری ڕێژیمی ناردووە و تێگەیشتنی خۆی لە دەقی ڕێککەوتنەکەی بۆ باس کردووە، نەك نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕێککەوتنەکە.

بەپێچەوانەی لایەنگرانی ڕووحانی کە لە وتووێژەکانی ئەم دواییانە وەکوو "فتح الفتوح"ی دیپلۆماتیك ناو دەبەن، خامنەیی زۆر بە پارێزەوە لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوکەوت دەکات و ترس و گومانی خۆی لە ئەنجامی ئەم ڕەوتە ناشارێتەوە و سەبارەت بە جێگەی متمانەنەبوونی لایەنە ڕۆژئاواییەکان هۆشدار دەدات. ئەو لە ڕاستیدا نایهەوێ هەر لە ئێستاوە خەنجەر بۆ ڕووحانی و تاقمەکەی لە کالان دەربکێشێ، بەڵکوو هەوڵ دەدات تاوانی هەر جۆرە شکستێکی چاوەڕوانکراو لە داهاتووی ئەم پرۆسەیەدا بخاتە ئەستۆی لایەنی دەرەکی، چوونکە هێشتا پێویستی بە تیمی ڕووحانی ـ زەریف و تەڕدەستییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوانە.

هێشتا باسی ڕێککەوتنێك کە ١٠ ساڵ لەمەوپێش هەر ئەم حەسەن ڕووحانییە لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ٣ وڵاتی ئورووپایی (ئاڵمان، فەرانسە، بریتانیا) واژۆی کرد و خامنەیی چەند ساڵ دواتر وەکوو خەیانەت و هەڵەیەکی ئیستراتیژیك لەقەڵەمی دا، لە بیر نەچووە. لەو سەردەمەشدا خامنەیی سەرەتا لە دەربڕینی ڕاشکاوانەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە چالاکییە ناوکییەکانی ڕێژیم خۆی دەبوارد، بەڵام دواتر و لە سەردەمی ئەحمەدی نژاددا بە ئاشکرا وەکوو خەیانەت یان لانیکەم هەڵەیەك لەقەڵەمی دا.

ئێستاش خامنەیی لە بارودۆخێکدایە کە دەزانێ دژایەتیی ئاشکرای ئەو لەگەڵ سەرگرتنی وەها ڕێککەوتنێك، لە کورتخایەندا گەمارۆی تەواوی هەناردەی نەوتی ئێران لە لایەن کۆنگرێسی ئامریکا و لە درێژخایەنیشدا هێندێك مەترسیی دیکەی وەکوو دارمانی ئابووری و داوەشانی نێوخۆیی و تەنانەت هێرشی دەرەکی بۆ سەر خۆی و ڕێژیمەکەی بەدواوە دەبێ. لە لایەکی دیکەوە، پشتیوانیکردنی ئاشکرای ئەو لەم ڕێککەوتنەش بە واتای قبووڵکردنی بەرپرسایەتیی خواردنەوەی ئەم جامی ژەهرە و جامە ژەهرەکانی داهاتووە کە یەك لە دوای یەك و وەکوو تەواوکەری ڕێککەوتننامەی ژنێڤ دەبێ دانیان پێدابنێت.

هەر بۆیە دەبینین دوودڵی و دڵەڕاوکێیەك کە کەوتۆتە گیانی خامنەیی، جۆرێك پەرتەوازەیی و ناکۆکیی بیروڕاکانی لە نێو باندە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم و تەنانەت بازنەی کەسانی نزیکی خۆی و بەیتی ڕێبەریشی لێ کەوتۆتەوە. بۆ نموونە، حەمید ڕەسایی یەکێك لە نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم بە ڕاشکاوی ڕێککەوتنی ژنێڤ بە گرێبەستێکی شەرمهێنەر و پڕشوورەیی ناو لێ دەبات و زۆر کەس لە دەسەڵاتدارانی دیکەی ڕێژیمیش لەم پێوەندییەدا باس لە "تورکمەنچای ناوکی" و "فرۆشتنی ١٠ ساڵ خۆڕاگری تەنیا بە بەهای ٤ میلیارد دۆلار" دەکەن.

هێندێك لە ئیمام جومعەکان و مەرجەع تەقلیدەکانی نزیك لە خامنەیی، وەکوو ئەحمەد جەننەتی، مەکارم شیرازی، نووری هەمەدانی و ... لە هەڵوێستێکی جیاوازدا هەوڵ دەدەن ئابڕووچوون و شکستی ناوکیی ڕێژیم بە بەهای سەرکەوتنێکی مەزن بە خەڵك بفرۆشن و لەم ڕێگەیەوە پرستیژ و ڕەواییەك بۆ مافیای دەسەڵات دەستەبەر بکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕەفسەنجانی، بەرپرسی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمیش پێی وایە کە ڕێککەوتنی ژنێڤ خواردنەوەی جامێکی ژەهری دیکەیە کە خامنەیی دەبێ وەکوو خومەینی بەرپرسیارانە! مامەڵەی لەگەڵ بکات و وەئەستۆی بگرێت.

ئەم هەڵسوکەوتانە نیشان دەدات کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە شوێنێکدا کە بەردەنگیان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ژوورەکانی دیپلۆماسیی نهێنی بێت، هەرگیز لە پاڕانەوە و مەراییکردن لە بەردەم زلهێزەکاندا شەرم ناکەن و لێیان ناشارنەوە کە گەمارۆکان پشتی شکاندوون و ئامادەن بۆ گەرەنتیکردنی مانەوەی خۆیان هەر جۆرە باجێکیان پێ بدەن، بەڵام کاتێك کە دەچنە پشتی تریبوونە نێوخۆییەکان و خەڵکی ئێران دەبنە بەردەنگیان، وا نیشان دەدەن کە نە هێرشی سەربازی و نە گەمارۆی سیاسی و ئابووری بە چۆکیاندا ناهێنێ و جیهان لە بەرامبەر هێز و مەزنایەتیی ئەواندا ئەژنۆی دەلەرزێ و ڕێبەرانی زلهێزەکان لە ڕێبەری موستەزعەفانی جیهان دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بدات بێنە خزمەتی و خاکی بەرپێی ماچ بکەن!.

ئەوە بارودۆخی ڕێژیمێکە کە هەرگیز ڕاستبێژی و ڕوونبێژیی نەکردۆتە سەرچەشنی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵکدا و لە جیاتی ئەوەی کە سواڵی ڕەوایی لە کۆمەڵانی خەڵکەکەی بکات، بۆ پاراستنی ئەمنییەت و مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی کەوتۆتە سواڵ و پاڕانەوە لە ژوورەکانی دیپلۆماسیدا و لەم پێناوەدا قبووڵکردنی پڕشوورەییترین ڕێککەوتنەکانیش وەکوو زیادکردنی ئەڵقەیەکی دیکە بە زنجیرەی سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی سی و چەند ساڵی ڕابردووی خۆی! بە سەر ئیمپریالیزمی جیهانیدا لە قەڵەم دەدات.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە گەلۆ بەم هەموو "فتح الفتوح" و سەرکەوتنە حەماسییانەی لە بەرامبەر زلهێزەکانی سەرتاسەری دنیادا، بۆچی "دۆخی ئاژیری سوور" و "قۆناغە هەستیارە پڕمەترسییەکانی ژیانی" و چەرمەسەرییە ڕوو لە زیادبوونەکانی خەڵکی ئێران هەرگیز کۆتایی نایەت و بۆچی ئەم هەموو سەرکەوتنە نەیتوانیوە ڕێژیم تەنانەت بستێکیش لە "هەڵدێری مەترسی" و دۆخی ڕووخێنەری مێژوویی بەرەو کەناری ئەمنی سەقامگیری ببات؟

# حەسەن رووحانیش لەگەڵ کورد راستگۆ نەبوو

دارا ناتق

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، هێندێ لە خەڵکی کوردستان و ڕۆژنامەنووسان و چالاکڤان و ڕیفۆرمخوازانی کورد لە ناوخۆی وڵات، لە سەر بنەمای ئەو قەول و بەڵێنانەی کە حەسەن رووحانی لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بۆ دابینکردنی بەشێکی کەم لە ویست و خواستە نەتەوەییەکان و بەتایبەتی دانانی کەسانی خۆجێیی لە ئیدارەکانی ئەو هەرێمانە دا، چاوەڕوانی ریفۆرم و پێکهێنانی هێندێك ئاڵوگۆڕی دڵخۆشکەر و پراکتیزە بوونی بەڵێنەکانی سەرکۆمار بەتایبەتی لە دیاریکردنی کەسانی کورد و خۆجێیی بۆ بەرپرسی پارێزگاکانی کوردستان بوون. بەداخەوە ئەزموونەکانی رابردووی ئەو ڕێژیمە و کارنامەی چەند مانگەی حکوومەتی رووحانی، بەتایبەتی لە دیاریکردنی کەسانی ناکورد و ناخۆجێیی و بە پێشینەی سەربازی و ئەمنییەتی، بۆ پارێزگاکانی کوردستان پێچەوانەی ئەو بەڵینانە بوون کە رووحانی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە هێندێ کەسی دابوو. بەتایبەتی لەسەروبەندی دیاریکردنی پارێزگار بۆ پارێزگاکانی کوردستان، بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، دەنگۆی دانانی کوردێکی ئیلامی وەك پارێزگاری ورمێ هاتە ئاراوە و ئەمەش سەرەڕای تێبینی لەمەڕ پێشینەی ئەمنییەتی و نیزامیی ئەو کەسە، لە ئەگەری دانان و پەسەند کردنی لەلایەن حکوومەتی رووحانییەوە، لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی کوردەوە بە هەنگاوێکی وەڵامدەر بە خواستی کوردەکانی ئەو پارێزگایە دەژمێردرا. ئەو دەنگۆیە نەتەنیا بوو بە هۆی نارەزایەتی و هەڕەشەی هێندێك لایەن و کەسانێکی شۆڤینیزم و بیرتەسکی تورك لەو هەرێمەدا، بەڵکوو رەتکردنەوەی لەلایەن کابینەی رووحانی و دانانی کەسێکی تورك بۆ پارێزگای ئەو هەرێمە، ئەوەی سەلماند کە ڕێژیم تەنانەت متمانە بەو کوردانەش ناکات کە پشتییان لە نەتەوەکەیان کردووە و بە تەواوی لە نێو فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهدا تواونەتەوە و پارێزەری لە بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە دەکەن، لەلایەکی دیکەوە نیشانی دا کە بێ باوەڕی و روانگەی ئەمنییەتیی ڕێژیم بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، سیاسەتێکی نەگۆڕ و بنچینەیی ئەو ڕێژیمەیە. پاشگەز بوونی رووحانی لە سەرجەم بەڵێنەکانی کە بەرامبەر بە نەتەوەکان و بەتایبەتی بە کوردەکانی دابوو، نیشانەی بەردەوامیی سیاسەتی پەراوێزخستن و ئاسمیلە کردنی نەتەوە بندەستەکانە و پەرەسەندنی زیاتری کەش و هەوای پولیسی و ئەمنییەتی بە سەر کوردستان و هەڵخەڵتاندنی ئەو کەسانەیە کە بانگەشەیان بۆ هەڵبژێرانی رووحانی دەکرد و هەوڵی بەلاڕێدا بردنی خەڵکیان گرتووەتەپێش، ئێستا دەبێ ئەو راستییە بزانن کە ئەزموونی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتداریی نگریسی کۆماری سێدارە دەریخستووە کە ئەم ڕێژیمە ریفۆرم هەڵگر نییە و روانگەی ئەمنییەتی و سیاسەتی گۆڕینی دێموگرافی هەرێمی نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەتی کوردستان، وەك ستراتێژییەکی بنەڕەتی بەردەوامە و نابێ چی دیکە خەڵك دوای کڵاوی بابردوو بکەون.



# کڕینی مەرگ لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیان

شەماڵ تەرغیبی

٢ برای کورد خەڵکی گوندی گێسانی ورمێ بە ناوەکانی سەلاح و عەلی، رۆژی سێ شەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، لە شاری هەولێر لە کاتی خاوێن کردنەوەی تانکرێکی نەوت هەڵگر تووشی گازگرتوویی بوون و گیانیان لە دەست دا. بە گیان لەدەستدانی ئەم دوو کەسە، ئاماری مردنی کرێکارانی کوردی کوردستانی ئێران لە سەرەتای ئەم ساڵدا تاکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ١٠ کەس. هەنووکە سەدان هاوڵاتیی کورد لە کوردستانی ئێران کە بەشێکی بەرچاویان هەڵگری بڕوانامەی بەرزی خوێندنن، بەرەو هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی دۆزینەوەی کار کۆچ دەکەن. کۆچ کردنێك کە بەپێی خەز و پێخۆشبوون نیە، بەڵکوو لە رووی ناچاری و تەنیا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان رووەدەدات. بەڵام دەبینرێ کە هەندێکجار تراژیدیایەکی لەم چەشنەی لێدەکەوێتەوە و داخداربوونی بنەماڵەیەکی بەدواوە دەبێت.

کێ لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا بەرپرسیارە؟ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی وەها کەشوهەوایەك چین؟ ئەوە پرسێکی حاشاهەڵنەگرە کە کوردستانی ئێران یەکێك لە بێبەشکراوترین ناوچەکانی ئێرانە، بەو مانایە کە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کولتوریدا گرنگیی پێویستی پێ نادرێت و لە پەراوێز دەخرێت. رەنگە تەنیا بوارێك کە حکوومەتی زاڵ بە سەر ئێران دەرحەق بە ناوچە کوردنشینەکان زیاتر لە ئاستی خۆی گرنگیی پێ دابێت و لە و بوارەدا کوردستان وەپێش ناوچەکانی دیکەی ئێران کەوتبێت، ناردنی هێزی سەربازی و میلیتاریزەکردنی کوردستان بێت. ئەم پاشکەوتووییە لە بواری ئابووری و سیاسییەوە بەو مانایە نییە کە بەستێن و پاشخانێکی لاواز لە کوردستاندا هەبێت، بە پێچەوانەشەوە کوردستانی ئێران هەم لە باری هێزی مرۆیی و هەم لە باری کەش و هەوا و کانزا و سامانی سروشتییەوە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێران دێتە ئەژمار. بەڵام ئەوەی کە راستی بێت ئەوەیە کە سەرانی کۆماری ئاخووندی بە ئەنقەست وەها دۆخێکی نائازادیان بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە.

ئەوەی کە بۆچی ئێمە شاهێدی کۆچی زۆرەملێی لاوانی نەتەوەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایین، چەند هۆکاری سەرەکیی لەپشتە کە رەنگە گرنگترین و سەرەکیترینیان پرسی ئابووری بێت. ئێران لە ئێستادا بە هۆی بەڕێوەبەریی لاواز و ناسەردەمیانە و بوونی چەندین گەمارۆی نێونەتەوەیی وەك دەرەنجامی سیاسەتی زێدەخوازی و زێدەڕۆییەکانی رژیم، کەوتۆتە نێو قۆناغێکی هەستیاری ئابووری و سیاسی کە دەتوانین رەنگدانەوەکەی لە دۆخی شپرزەی ئابووریدا ببینین. بەو هۆکارانەی کە هێمای پێکرا، سەدان کارگە و کارخانەی بەرهەمهێنان و هەزاران جووتیار و وەرزێر تووشی مایەپووچی بوون و هەزاران کرێکار و پیرسۆنێلی بەئەزموون بێکارکراون. بێکاربوونی ئەم کەسانە و قەرزاربوونی خاوەنکاران دیاردەیەکی لێکەوتەوە کە هەمان راکردن لە دەست دۆخی ئاماژە پێکراو بوو. لە وەها بارودۆخێکدا بەرپرسان و بەرنامەداڕێژەرانی حکوومەتی، بەجێگای دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو، بۆخۆیان تووشی دیاردەی گەندەڵیی ئابووری و ئیداری بوونەوە و دەرەتانێکیان بۆ ئاوڕدانەوە لەم دۆخە بۆ نەمایەوە، بۆیە هەوڵیان داوە بە چاپکردنی دراوی نوێ و رەوانە کردنی بۆ نێو بازار و لە هەمان کاتدا وەرگرتنی قەرزی کەڵان لە بانکەکان و خستنەگەڕی لە چوارچێوەی گەڵاڵە و تەرحی ناسەرکەوتووی وەك "مەسکەنی مێهر" ئاستی هەڵاوسانیان گەیاندە لووتکەی خۆی. بۆیە لە ماوەیەکی کاتیی و کورتدا ئەم حاڵەتانە چوونەسەرێ: ئاستی بێکاری، گرانبوونی شتومەك و خزمەتگوزارییەکان، مایەپووچ بوونی یەکە بەرهەمهێنەرەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان، کشانەوەی سەرمایە نێوخۆیی و دەرکییەکان و کەمبایەخ بوونەوەی دراوی وڵات.

دوابەدوای ئەم بارودۆخە، خەڵکی کوردستان و بەتایبەت توێژی لاو کە پێشتر بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان بە کارێکەوە لە ناوەندی ئێران سەرقاڵ دەکرد و دەیانتوانی بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان کەم یان زۆر دابین بکەن. بوون بە توێژێکی لاواز کە بە هۆی شەپۆلەکانی گرانی و بێکاریی زۆرترین خەساریان وێدەکەوێت، بۆیە لە رووی ناچارییەوە روویان لە ٢ شێوازی کارکردن کرد: یەکەمیان کۆڵبەری و کاسبیی سەرسنوور کە مەترسییە گیانی و ئابوورییەکانی ئاشکرایە و دووهەمیان رووکردن لە وڵاتانی دیکە و قبوڵکردنی خەمی دووری و غەریبی و لە هەندێك حاڵەتدا مردن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان. بەم پێیە دەکرێ بڵێین بەرپرسیاری یەکەم لە دۆخی ئاماژەپێکراو و روودانی حاڵەتی مردن لە سەرکار لە هەرێمی کوردستان و باقی وڵاتانی دیکە هەمان حکومەتی کۆماری ئیسلامییە کە سەربازی بوونی پۆتانسییەلی کار، بوار و بەستێنی لواو بۆ بەرهەمهێنان و رەخساندنی هەلی کار، بە هۆی خۆگێل کردن لە راستییەکان و کەوتنە دوای پرسگەلی وەکوو سازکردنی بۆمبی ناوکی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دیکە، پرسی خزمەت کردن بە وڵات و خەڵکەکەی لە بیر کردووە. (ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی خۆی هیچ کات هەوڵی بۆ ئەم مەسەلە نەداوە).

یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەڕێوەبەریی هەر وڵاتێك، کەرتی ئابوورییە. بەو مانایە کە ئابووریی گەشاوە یان لاواز راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگا دادەنێت. ئەگەر ئەم کەرتە بە مانای راستەقینەی خۆی گرینگیی پێ بدرێت، ئەوا گەشەی کۆمەڵایەتی، کولتوری، سیاسی و هزریی لێ دەکەوێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لە پەراوێز بخرێت و وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدرێتەوە یان تەرخان بکرێت بۆ وەدەست خستنی قازانج و بەرژەوەندیی دەسەڵات یان تاقمێکی دیاریکراو، ئەوا کۆمەڵگا لە بوارەکانی چاندی، سیاسی، هزرییەوە دوادەکەوێت و خۆش بژێوی مانای نامێنێت.

بەداخەوە هەنووکە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵەتی دووهەمی ئەم پێناسەیەدا خۆی دەبینێتەوە، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و جیناحییەکانی خۆیان قازانجە گشتییەکانیان کردووەتە قوربانی و خەڵکی وڵاتیش دەبێ لەگەڵ ئاکامەکانی ئەم چەشنە سیاسەت کردنانە بەرەورووو ببنەوە و بەجێگای کەڵکوەرگرتن لە سامانی وڵات، ناچارن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان روو لە کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن بکەن کە تەنانەت هێندێ جار لەم ڕێگایەشدا گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

## جووت حەوت

### هەوراز

جاڕنامەی مافە شارۆمەندییەکانی حەسەن رووحانی بڵاو کرایەوە. ئێستاش کە مافی مرۆڤ هەموو دنیای گرتۆتەوە، ئێمەش بە ناچاری جاڕنامەی مافی مرۆڤی جووت حەوت بەم شێوەیە رادەگەیەنین: ١. هەموو کەسێك بۆی هەیە بژی، مەگەر ئەوەی کە ئێمە نامانهەوێ. ٢. هیچ کەس نابێ لەسێدارە بدرێت (تێبینی: ئەو خاڵە کەسانێك ناگرێتەوە کە دەبێ لە سێدارە بدرێن). ٣. باوەڕمەندانی هەموو ئایینەکان بۆیان هەیە بەپێی باوەڕ و ئایینی خۆیان بجووڵێنەوە (ئەم خاڵە کەسانێك ناگرێتەوە کە باوەڕ و ئایینیان جیاواز لەوەی ئێمە بێت). ٤. هیچ یاسایەك نابێ ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان پێشێل بکات (ئەم خاڵە یاسای بنەڕەتی و یاسای سزادانی ئیسلامی و ... ناگرێتەوە). ٥. هەموان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن و بەدەر لە وەلی فەقیە و توێژی رووحانییەتی ویلایەتمەدار کەس بۆی نیە لە دەرەوەی یاسا بێت. تەنانەت بەهایی و بەلووچ و کورد و جولەکە و ژن و رووناکبیرە سێکۆلارەکانیش لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن، بەڵام ئەو یاسایە دەبێ بۆ حەلاوی باس بکەن (تێبینی: حەلاو ناوی خانمێکە کە هەموو قسەیەکی بێ بنەما بۆ ئەو باس دەکرێت). ٦. ژنان لە هەڵبژاردنی شێوەی جلوبەرگی خۆیان لە چوارچێوەی جلوبەرگە ئیسلامی و ئێرانییەکاندا ئازادن و کەس بۆی نیە لێیان بپرسێت بە چادری رەش خۆیان دەپێچنەوە یان رەساسی (تووسی)، گرینگ ئەوەیە حیجاب هەبێت، ئەگەر رەنگەکەی بە دڵمان نەبوو، خۆ برادەرانی بەسیج قەل نالەوەڕێنن، بۆ خۆیان دەبێ بزانن چ بکەن. ٧. دەرهێنانی چاو و بڕینی دەست و لاق و سەنگسار قەدەغەیە، مەگەر ئەوەی کە دادوەری شەرعی بەپێی یاسا و حەزی خۆی دیاریی کردبێت. ٨ هەموو کەس بۆی هەیە هەموو شتێك بنووسێت یان دەربڕێ، ئێمە وەکوو جووت حەوت کارمان بە سەرییەوە نیە، لایەنە یاسایی و نایاساییەکانی دیکە چ دەکەن، کەیفی خۆیانە و گەردنیان ورد. خۆ ئێمە دەمڕاستی ئەوان نین. ٩. ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا یەکسانن، هەر ژنێك یەکسان نەبێت بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامی سزا دەدرێت. ١٠. هیچ کەسێك ناتوانێت زیاتر لە ٢٤ سەعات بە نایاسایی دەستبەسەر بێت، ئەگەر کەسێك لە ماوەی دیاریکراوی زیاتر لە زینداندا مایەوە، بەپێی یاسا سزا دەدرێ. ١١. هیچ نەتەوەیەك بۆی نیە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیدا بێت، مەگەر ئەوەی کە رابردووی لانیکەم سی ساڵ ستەمی نەتەوەیی بە سەریدا هەبێت.

# ئێرانی ١٥٠ میلیۆن کەسی

## سووکایەتی بە ٧٥ میلیۆن دانیشتوانی ئێران

ڕووش

لە کاتێکدا کە هەواڵی تێپەڕینی دانیشتوانی جیهان لە سنووری ٧ میلیارد کەس لە نێو ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهاندا بڵاوکرایەوە، دەوڵەتی دەیەمی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی مەحمود ئەحمەدی نژاد پرۆژەی "ئێرانی ١٥٠ میلیۆن کەسیی" هێنایە گۆڕێ. پرۆژەیەك کە لە زۆر بوارەوە ڕخنەی لەسەرە. لەو کاتەوە کە باسی ئێرانی ١٥٠ میلیۆن کەسی هاتۆتە بەرباس، دارێژەری ئەم گەڵاڵە و لایەنگرانی بە شێوەیەکی جیددی لە هەوڵی پەرەدان بەم پرۆژەن، جیا لە خودی ئەحمەدی نژاد کە لەو کاتەدا بەردەوام باسی لە پێویستبوونی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ئاماژەپێکراو دەکرد و ئەمەی بە هەوڵێك لە دژی ڕۆژئاوا دەزانی، کەسانی سەر بە باڵی ناوبراویش هەوڵی داکۆکی کردن لە گەڵاڵەکەیان دەدا و لە هەموو بیاڤەکانی قوتابخانەکان، زانکۆکان، پەروەردە، نەخۆشخانەکان، ڕاگەیەنەکان و ... بە ئەرێنی باسیان لێوە دەکرد. بۆ وێنە زەهرا سەجادی سەرۆکی ناوەندی کاروباری ژنان و بنەماڵە سەر بە دامەزراوەی سەرکۆماری، ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ٩١، ڕەخنە لە بوونی وانەی "ڕێکخستنی بنەماڵە" لە زانکۆکان گرت و ئەمەی وەك "سیاسەتی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتانی شیعەنشین" لە قەڵەم دا. بە وتەی ناوبراو ئەم جۆرە پۆلگەلە بەپێی سیاسەتی دژە ئێرانی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییی دارێژراوە و دەبێ بەرەنگاری ببینەوە چونکە ئێران توانای ئەوەی هەیە کە دانیشتوانەکەی بکاتە ١٥٠ میلیۆن کەس. هەر لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە دیتمان کە لە ساڵی ٨٨ بەملاوە کۆمەڵێك وادە و بەڵێنی ماڵی بە خەڵك دەدرا. بۆ نموونە دانی ١ میلیۆن تمەن بۆ هەر منداڵێکی ساوا، کە ئەم پرسە بۆ خۆی کۆمەڵێك باس و خواستی تایبەتی لێدەکەوێتەوە لەوانە خەسارمەندکردنی زیاتری پەیکەری ئابووری وڵات بە هۆی تەزریقی بێ سنووری پارە.

ئێستا لە پاش چەند ساڵ لە هاتنەئارای ئەم گەڵاڵە جارێکی دیکە پرۆژەی ئاماژەپێکراو هاتۆتە بەرباس، بەڵام ئەمجارە لە لایەن خودی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمەوەیە. ناوبراو لە پەیامێکدا بۆ کۆبوونەوەی "گۆڕانکاریی دانیشتوان" دانیشتوانی ١٥٠ میلیۆنی بۆ ئێران، پرسێکی زۆر پێویست لەقەڵەم دا. پێداگرییەك کە نیشاندەری نەبوونی بوار و بەستێنی لـاوی کۆمەڵایەتییە لەمەڕ بردنەپێشی سیاسەتی دانیشتوانی ناوبراو و دەوڵەتەکانی ژێردەسەڵاتی.

بە هەر حاڵ ئەوەی کە لەم باسەدا گرنگە وڵامدانەوە بە چەند پرسیارە:

خامنەیی دەڵێ" وڵاتی ئێمە وڵاتی ٧٥ میلیۆنی نیە بەڵکوو وڵاتێکی ١٥٠ میلیۆنیە. ١٥٠ میلیۆنیش کەمە، دەتوانین زیاتریش بڵێین؟!!! "لەسەر چ بنەمایەك ئێران وڵاتێکی ١٥٠ میلیۆنییە؟ بەپێی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە بە هۆی بەڕێوەبەریی هەڵە و کەڵکوەرگرتنی ناسەردەمیانە بەرە بەرە کەم و کەمتر دەبنەوە، بە پشت بەستن بەو کشتوکاڵە لاوازەی کە بە هۆی گەمارۆکان و بەڕێوەبەریی نابەرپرسانەی سەرانی ڕێژیم بەرەو مایەپووچی دەڕۆن، بە هۆی بوونی چەند میلیۆن بێکار و ئابووریی ناسالم و مایەپووچ بوونی سەدان کارگە و کارخانە، بەو پاشەکەوتە ئابوورییەی کە بۆ نەوەکانی دواتر دانەنراوە، بەو بارودۆخەی لە باری ئاموزشی و بێهداشتییەوە گەیشتووینەتە نزمترین ئاست، بەم وەزعییەتەوە دەبێ ئێران ببێتە خاوەن ١٥٠ میلیۆن کەس دانیشتوو، ئایا ئەمە هەوڵێك نیە بۆ بە "سومالی" کردنی ئێران؟

ڕوونە کە عەلی خامنەیی کەسێك نیە کە ئەم پرسیار و ئەگەرانەی نەدیتبێت، بۆیە لە درێژەی پەیامەکەیدا دەڵێ: "ئێمە نابێ وەها بیر بکەینەوە کە کەسێك دەبێ بە دڵنیاییەوە ماڵی هەبێت، کارێکی پڕداهاتی هەبێت، ژیانی هاوبەش پێك بهێنێت و ببێتە خاوەنی منداڵ، ئەمانە پێویست ناکات".

بەڵام هەر ئەم وتەی وەلیی فەقیهی ڕێژیم دیسان پرسیارخولقێنە: چلۆن دەبێت کەسێك هیچ داهاتێکی نەبێت و هیچ پشتیوانییەکی ئابووریی نەبێت بەڵام ژیانی هاوبەش پێك بێنێت و ببێتە خاوەن منداڵ؟ ئەویش بەم بارودۆخە ئابوورییەی کە ئێستا باڵی بە سەر وڵاتدا کێشاوە، ئایا جگە لەوەیە کە ناوبراو هەوڵ دەدات خەڵك بەرەولای کولتووری نالۆژیکبوون و بێ مەسئوولییەتی ببات؟ ئەمە چەشنێك ڕوانینی هەڵە و ناسەردەمیانەیە کە لە ڕاستیدا کۆمەڵگە بەرەولای کولتووری پشتبەستن بە قەزا و قەدەر دەبات.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا، خامنەیی، باس لە ئەگەری پیربوونی کۆمەڵگەی ئێران دەکات و دەڵێ: "ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە هەنگاو بنێین لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبینە خاوەن وڵاتێکی پیر کە چارەسەرەکەی دەست ناکەوێت.

لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین بەپێی ئەو پێش بینییانەی کە لەسەر بناغەی ئامارەکانی خودی ڕێژیم کراون، زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی ئێران لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لە گرووپی تەمەنی ٢٩، ٣٤ ساڵ دەبێت کە ئەم تەمەنەش بە توێژی لاو دادەنرێت. کەواتە ئەگەر تەنانەت دانیشتوانی وڵات زیادیش نەکات، هێشتا زووە بۆ ئەوەی کە باس لە پیربوونی ئێران بکرێت. بەڵام جیا لەم پرسە دەتوانین بە پرسیارێکی دیکە وەڵامی قسەکانی ناوبراو بدەینەوە. لە ئێستادا ئێران بە هۆی ئەوەی کە گرووپی تەمەنی ٢٥ تا ٢٩ ساڵ زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنێت بە وڵاتێکی لاو ناسراوە، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چ پرۆژەیەکی وەها پڕبایەخی بۆ ئەم توێژە لاوەی ئێستا جێبەجێ کردووە کە لانیکەم لاوانی ئێمە خەمی ژیانی داهاتووی خۆیان نەبێت و بە دڵنیاییەوە هەنگاو بەرەو داهاتووی خۆیان هەبێننەوە؟ مەگەر جیا لەوەیە کە بێکاری، گرانی، هەڵاوسان، خەمۆکی، کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان دیارترین دیارییەکانی ڕێژیم بووە بۆ لاوانی وڵات؟ ئەگەر وا نیە بۆچی دەبێ ساڵانە ١٨٠ هەزار لاوی خوێندەواری ئێرانی، وڵات جێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران و ژیان لە ڕۆژئاوا بکەن. ئەویش تەنیا بە ئاواتی ژیانێکی ئاسایی و دۆزینەوەی هەلی کاری گونجاو لە دەرەوەی وڵات. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵدا ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس لە زانکۆکانی ئێران بە وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا دێنە دەرێ. بەم پێیەش بەراوردی چوونەدەری دەرچوانی زانکۆ بۆ دەرەوەی وڵات بەرانبەر کۆی گشتیی دەرچوانی زانکۆ ١٥٪ە.

بۆیە سەرانی ڕێژیم بەجێگای ئەمجۆرە سووکایەتی پێکردنانە بە خەڵکی ئێران و هێنانە ئارای پرۆژەگەلی لەم چەشنە باشتر وایە هەوڵ بدەن ئاریشەکانی وەك چوونەسەری مەودا چینایەتییەکان، نەبوونی ئازادی، کەمیی پێداویستیی پەروەردە، نادادپەروەری، نەبوونی یاسا و گەندەڵی چارەسەر بکەن.

# بزووتنەوەی خوێندکاری و تێڕوانینێک

## (بە بیانووی ١٦ی سەرماوەز)ەوە

ناسر ساڵحی ئەسڵ

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەمادا بزووتنەوەیەکی سیاسی نین. بەڵکوو ئەو بزووتنەوانە لە قۆناخی یەکەمدا بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ئەو توێژە هاتۆتەدی کە خۆی لەنێو ئەودا هەڵقوڵاوە. هەر بۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا ئەو بزووتنەوانە بۆ وەدەستهێنانی مافە سینفییەکانی ئەو چین و توێژە هەوڵ دەدەن. بەڵام لە وڵاتانی تۆتالیتێر و پاوانخوازدا چونکە سیستمەکە نادێموکراتیك و داخراوە، حاکمیەت هەر ویست و داخوازییەکی چین و توێژەکانی لە بەرامبەر کردار و دەسەڵاتی خۆیدا دەبینێ. هەر بۆیە لە سیستمە نادێموکراتیك و داخراوەکاندا هەر هەڵوێست و هەنگاوێکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە چالاکیی سیاسی دێتە ئەژمار. بەسەرنجدان بەم ڕاستییە لە سیستمە داخراوەکاندا هەرکات بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ، بۆ داواکردنی ویست و داخوازییە سینفییەکانیان، زۆر کات هێڵە سوورەکانی حاکمیەتییان بەزاندووە و تەواوەتی حاکمییەت و دەسەڵاتیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

لە سەردەمی حاکمییەتی ئیستبدادی پەهلەوییەکان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چونکە نێوەرۆکی دەسەڵاتەکەیان لە پرنسیپ و بنەماکانی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بێبەری بووە و حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و میدیای ئازاد و سەربەخۆ وەك گرینگترین نیشانەکانی دیمۆکراسی یاساغ کراون، زۆربەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بەدژی حاکمییەتی سەرەڕۆ و ئیستبدادی لەلایەن مامۆستایان و خوێندکارانی زانستگاکان و ناوەندگەلی زانستییەوە ڕێکخراوە. هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتانە هەمیشە زانستگا و خوێندکاری ڕەخنەگرییان پێ قەبوول نەکراوە، و بە هەوڵی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان یان ئیدئۆلۆژیکی دۆگم هەمیشە فەزایەکی سەرکوت و خەفەقانیان لە زانستگاکاندا پێکهێناوە.

یەکێك لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئێراندا زۆر ئەکتیڤ و بەرچاوە، بزووتنەوەی خوێندکارییە. ئەگەر زۆرجار خەڵك نەیتوانیوە لە بەرامبەر دەسەڵات و حاکمییەتی نادێموکراتیکدا ناڕەزایەتیی دەربڕێ و دەنگ هەڵبڕێت، ئەوە زانستگا و خوێندکاران بوونەتە زمانحاڵی هەموو کۆمەڵگا و زۆرجاریش لە پێناوی ویست و داخوازیی گەلانی ئێراندا قوربانییان داوە. لە ماوی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتیدا بزووتنەوەی خوێندکاری بە هەموو ڕەوتەکانیەوە وەکوو هێزێکی بەرهەڵستکاری سیستمی پاشایی خۆی نواندووە. ناڕەزایەتی دەربڕینی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ی هەتاویی خوێندکارانی زانستگای تاران دژی سەفەری نیکسۆن جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئامریکا بۆ ئێران و بۆ پشتیوانی لە "میللی کردنی سەنعەتی نەوت"ی دوکتور موسەدیق، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی سێ خوێندکاری دانشکەدەی فەننی زانکۆی تاران، ئەم ناڕەزایەتییە خاڵێکی وەرچەرخان و گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاریدایە، چونکە دەسەڵاتی پاشایی بە تەواوی خۆی لە بەرانبەر بزووتنەوەی خوێندکاریدا دەدیتەوە. ئەگەرچی پاش ڕووداوی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ی هەتاوی، پێشڕەوانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە توندی کەوتنە بەر هێرشی دەزگای سەرکوتکەری ڕێژیمی پاشایی، بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە کردەوەی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەمنییەتیی ڕێژیمیان بردە ژێر پرسیارەوە. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری توانیی پاش دەورانێکی سەخت و دژوار، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا ببێتە داینەمۆی جوڵانەوە ناڕەزایەتییەکانی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، زانستگاکان بوونە ناوەندی چالاکیی سیاسی و بزووتنەوەی خوێندکاری ئاراستەیەکی جیاوازیی لە پێناسەی دەسەڵاتی تازەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بەخۆوە گرت. کۆماری ئیسلامیش کە لەسەر بنەمایەکی ئیدئۆلۆژیك دامەزرابوو و هەر جۆرە جیا بیرکردنەوەیەکی بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دادەنا، بۆیە لە ژێر دیاردەیەکدا بە ناوی شۆڕشی فەرهەنگی دەرگای زانستگاکانی داخست و هاوکات دەستیشی کرد بە پاکتاوی جیابیران و ماموستایان و خوێندکارانی پێشڕەو و ئازادیخواز.

پاش بەناو شۆڕشی فەرهنگی و کرانەوەی دەرگای زانستاگاکان، بێدەنگیی بزووتنەوەی خوێندکاری تا سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی درێژەی کێشا. کۆتایی دەورەی دووهەمی سەرکۆماری ڕەفسەنجانی هاوکات بوو لەگەڵ ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بە سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم، بزووتنەوەی خوێندکاری بە خۆڕێکخستنێکی بەرچاو گەیشتبوو و لە ئاکامی دەرفەتێکی بەرتەسکی دەوڵەتی ریفۆرمخوازدا، دەنگی ناڕەزایەتیی بزووتنەوەی خوێندکاری تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران بوو. ڕووداوی ناڕەزایەتیی بەرینی خوێندکاران لە مانگی پوشپەری ١٣٧٨ی هەتای دا بۆ ماوەی یەك حەوتوو خوپێشاندان، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی وەلەرزە خستبوو و لە ئاکامدا ١٨ی پوشپەڕی لێکەوتەوە، ناڕەزایەتی دەربڕینی خوێندکارانی زانستگای ئەمیرکەبیر لە کاتی قسەکانی ئەحمەدی نژاد و هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕینی خوێندکارانی زانستگای شیراز بە قسەکانی وەزیری نێوخۆی کابینەی ئەحمەدی نژاد و زۆر ناڕەزایەتی دیکەی خوێندکاران، کاریگەربوون و بە ئەزموون بوونی بزووتنەوەی خوێندکاریی نیشان دەدات.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیش بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کورد و باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و بە ڕوونکردنەوەی خوێندکارانی دیکەی نێو زانستگاکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لەقاودانی سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان هەبوو و بە خۆشییەوە توانیان زۆر لەو باوەڕە ناڕاستانەی کە ڕێژیم بە پڕوپاگەندەی ژەهراوی و چەواشەکاری ڕاستییەکان لە بەرامبەر مەسەلە و کێشەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە نێو زانستگاکاندا بڵاو کردبووەوە، پوچەڵ بکەنەوە. هەربۆیە لە ئێستاشدا کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە خۆڕێکخستنەوەدایە، دەبێ خوێندکارانی کورد وەك سەفیری نەتەوەی کورد بەشداری هەموو کۆڕوکۆبوونەوەکانی خوێندکاری بکەن و لە دەرفەتەکان بۆ بڵاوکردنەوەی گوڤار بە زمانی کوردی کەڵك وەرگرن و لە شووراکانی زانستگادا بە شێوەی ئەکتیڤ بەشدار بن.

ئیستا بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران پاش دەورانێکی دژوار و سەخت، لەلایەك لە بەردەم گۆڕانکاریی زۆر گرنگ و چارەنووسسازدایە و لە لایەکی دیکەوە ئەو بزاڤە دەبێ بە هەڵەکانی خۆیدا بچێتەوە و بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو، چی دیکە هەوڵی نکوڵی کردنی بزووتنەوەی خوێندکاری نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد نادات، چونکە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد چی دیکە بە دیار هیچ هەوڵێکی ئەوتۆوە دەستەوەستان دانانیشێ کە مەبەستی تێکدان و نکوڵی کردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە زەیندا بێ. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران دەبێ ڕەوت و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران بە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و پێداگری لەسەر خواستە دیاریکراوەکانی وەکوو دیمۆکراسی، مافی نەتەوایەتی و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە فەرمی بناسی تاکوو هەموو بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە بیاڤی زانستگادا شان بە شانی یەك، داوای ویست و داخوازییەکانی خۆیان بکەن.

# توندوتیژی دژی ژنان، ئاکاری دژە مرۆیی

چەکۆ ئەحمەدی


بەشێکی زۆر لە ئایین، ئایینزا، ڕێبازە سیاسی و حزبییەکان لە مانیفێستی خۆیاندا پرسی ژنان و یەکسانیی نێوان هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دەورووژێنن و بە شێوازێك لەگەڵ ئەو پرسە گرینگەدا بەرەوڕوو دەبنەوە کە دەڵێی هەموو ڕێبازە فیمینیستییەکان لەوانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام ئەوەی لە سەر لاپەڕە دەنووسرێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت لەگەڵ کردەوەکانیاندا جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە.

گرنگترین ڕۆڵ لە بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤایەتی و بەردەوامی و سەقامگیریی سروشت لە ئەستۆیی ژناندایە و دەکرێ بڵێین ژنان سیمبۆلێکی راستەقینەی مانەوە و هەرمانی مرۆڤ و پەروەردە و سروشتن و بە درێژایی مێژوو بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەی قوربانیدان بوون.

بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان کە وەك دەردەکەوێ بە درێژایی مێژوو ئەم کارەساتە بەردەوام بووە، پرۆسەیەکی بنەڕەتی و تۆکمەی دەوێ کە کولتوری باوکسالاری و پیاوسالاری بگۆڕێ بە هزری یەکسانخوازایی مرۆیی و بە شێوەیەکی راستەقینە گۆڕان بە سەر هزری هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاودا بێنێ. بەداخەوە جێی سەرسووڕمانە کە لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرێ ژنان بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ چالاکی بنوێنن، بە بێ ئەوەی ئاگادار بن ئەو کولتورە پیاوسالارانە دنە دەدەن و دەبنە یارمەتیدەری توندوتیژییەکان. زۆرجار ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە گەلۆ پێویستە بۆ گەیشتن بە ئاستی یەکسانیی ژن و پیاو، کەسایەتیی ژن بە پیاو بگۆڕدرێ و پێگەی پیاوانیان پێ بدرێ یان دەبێ لێهاتووییەکان زەق بکرێتەوە و لەو بوارەدا کە دەتوانێ کاریگەر و ئەرێنی بێت بەکار ببرێت؟ بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە فیمێنیستەکان بە بێ خوێندنەوەیەکی ورد و واقێعگەرایانە و بە بێ ئەوەی بزانن کە سووکایەتییە بە پێگەی ژن، هەوڵ دەدەن دەقاودەق پێگەی پیاوان بۆ ژنان دەستەبەر بکەن. ئەمەش لە هەوڵە پیاوسالارەکان بۆ پاراستنی باڵادەستیی هەتاهەتاییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لێرەدا جێی سەرسووڕمان لەوەدایە کە کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو دواکەوتوویەی کە وەك بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیەوە دەناڵێنێ، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەکان و ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی و کولتور، دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە پێگەی ژن لای نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی دیکە بەرزتر بووە کە نموونەش بۆ ئەم گوتەیە گەلێك زۆرە و یەك لەوان هاندان و پشتیوانیی یەکەم سەرکۆماری کورد، پێشەوا قازی محەممەدە بۆ هەوڵدانی ژنان سەبارەت بە بەدەستهێنانی مافەکانیان و رووخاندنی بیری کۆنەپەرەستیی پیاوسالاری. دەکرێ بڵێین لە ناو ڕێبەرانی کورددا کەسانی زۆر هەبوون کە بڕوایان بە مافی یەکسانی ژن و پیاو هەبووە و لەم بوارەدا هەنگاوی بەپێزیان ناوە، بەڵام بەئاکام گەیشتنی هەموو ئەم هەنگاوانە بەستراوەتەوە بە رادەی ئیرادەی ژنان و چەندییەتیی و چۆنیەتیی چالاکییەکانیان بۆ نەهێشتنی کولتوری پیاوسالاری و توندوتیژی بەرامبەر ژنان. لە کۆتاییدا، پێویستە بگوترێ کە توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە ژنان دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئاستی پەروەردەی مرۆیی و ئاکامی لاوازبوونی پەروەردەیش بەلاڕێداچوونی تاکەکانی مرۆڤ (ژن و پیاو)ی لێ دەکەوێتەوە کە ئەمەش کۆمەڵێك دیاردەی دزێو بەرهەم دێنێتەوە.

هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان نابێ بە تەنیا بخرێتە ئەستۆی خودی ژنان، بەڵکوو ئەوە ئەرکی پیاوانی رووناکبیر و ئازادی و یەکسانیخوازیشە کە لەم بوارە مرۆییەدا پشتگر و پشتوانی ژنان و مافە مرۆییەکانیان بن.




# خەبات لە پێناو ناندا

پەیام

کاتێ وشەی کۆڵبەر دەبیسین، کۆمەڵێك مرۆڤی زەحمەتکێش و هەژارمان دێتە بەرچاو کە بارێکی چەند بەرامبەری کێشی خۆیان خستۆتە سەرپشت و لە هەوراز و نشێو وەسەردەکەون یان دادەگەڕێن، ئەوە شرۆڤەی سیمای توێژێکە کە لەبەرچاوی بینەرانی شاشەکانی تەلەفزیۆن دێتەبەرچاو، بەڵام بەڕاست کۆڵبەر کێیە؟!.

مرۆڤ و تاکی کورد هەموو کات هەوڵی ئەوەی داوە لە ژیاندا سەربەرزانە تەمەن ڕابوێرێت و پشت بە تەنگ و چەڵمەکان بچەمێنێت و خۆی وەك ڕەوەز لەسەر پێ بوەستێت. هەر ئەم خسڵەتەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەر دژوارییەکانی ژیان و زەخت و ئاستەنگەکانی سەردەمداران بوەستێت و پارێزگاری مان و هەبوون بێت، لەو نێوەدا ئەگەرچی دوژمنان و نەیارانی ئەم نەتەوەیە هەمووکات هەوڵیان داوە کە ئەو نەچەمینە تێك بشکێنن و مرۆڤێکی دەستەمۆ لە تاکەکانی ئەم گەلە چێ بکەن، بەڵام هەمووکات لەگەڵ ورەی پۆڵایینی ئەندامانی ئەم گەلە بەرەوڕوو بوونەتەوە و پیلانەکانیان بۆتە بڵقی سەرئاو.

گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی لەگەڵ گەلێك دژواریدا بەرەوڕوو بووە کە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی هەرە زۆریان گرێدراوی داگیرکەرانی بووە، یەکێك لەو دژوارییانە ئابڵۆقەی ئابووری و بێبەری کردنی لەو پێویستیانە بووە کە هەموو کۆمەڵگایەك بۆ درێژەدان بە ژیانی پێویستی پێیەتی. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەك دوایین میراتگری داگیرکەرانی کوردستان لە رچەی پێشینیانی خۆی نەتەنیا لای نەداوە بەڵکوو بەچەند قات پەرەی بەم سیاسەتە دژی مرۆڤانەیە داوە. بێبەش کردنی کوردستان لە پێشکەوتن و بووژانەوە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پەیڕەو کراوە و ئەم ڕەوشەش تا هەنووکەش هەر درێژەی هەیە ، ئەم سیاسەتانەی ڕێژیم دوو ئامانجی سەرەکیی لەپشت بووە:

یەکەم: هەوڵدان بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان و دوورخستنەوەی ئەم گەلە لە ویست و داواکارییە نەتەوەیی و ڕەواکانیان و سەرقاڵ کردنیان بە بەدەستهێنانی بژیوی ژیان و دوورخستنەوەیان لە کوردایەتی و کەڵکوەرگرتن لە خەڵکی کورد بۆ ئامانجەکانی خۆیان. دووهەم: پەرتەوازە کردن و دەربەدەر کردنی خەڵکی کوردستان بە شار و شارۆچکەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچە و جیهانیش تا بەمجۆرە بەرە بەرە خەڵکی کورد بە هۆی ئەوەی کە زێدەکەیان هیچ هەلێکی بۆ کارکردن و بەسەر بردنی ژیان لێ نییە و بۆ مانەوە نابێت، کوردستان چۆل بکەن و لەبەرامبەردا ڕێژیم بە دانی مۆڵەت و ئیزنی نیشتەجێ بوونی خەڵکانی ناخۆجێی و گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان، خاکی کوردستان لە درێژماوەدا پاوان بکات، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەروەك باقی پلانەکانی لەهەمبەر کوردستان ئەو پلانەشی پووچەڵ بووەوە و ئاکامی بە پێچەوانەی ویستی ئەوی لێکەوتەوە.کۆماری ئیسلامی نەیزانی کە هەستی نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی خەڵك بۆ کوردستانیان زۆر بەهێزترە لە دەربەدەر بوون بۆ پاروە نانێك یان بەچۆك داهاتن و بەڕێوە بردنی سیاسەتەکانی ڕێژم، هەر لە چوارچێوەی ئەم هەستە بەهێز و پیرۆزەدایە کە ئەبینین لە ساڵانی پێشتردا کە کوردستان هیچ هەلێکی کاری تێدا نەبوو و هاتووچۆی سەرسنوورەکانیش بڕەوی نەبوو، خەڵکی کوردستان ماڵ و ژیانیان هەڵدەگرت و شار بە شار دەڕۆیشتن و لە کوورەخانە و جوجەخانە و کارگاکانی شارە گەورەکانی ئێران بە ئارەقی نێوچاوان نان و بژێویان پەیدا دەکرد بەڵام لەبەرامبەر داواکاریەکانی ڕێژیمدا سەریان دانەنواند و تەنانەت ئەو بژێوەی کە وەدەستیشیان دەهێنا تا نەگەیشتبانەوە زێدی باب و باپیرانیان خەرجیان نەدەکرد و چێژیان لێ نەدەبرد و بە شاهیدی هەموو ئەو توێژە هەژارەی کە خەریکی ئەم کارە تاقەت پڕوکێنە بوونە، هەرکات زیاتر لە هەندەران بوونە خۆشەویستیان بۆ نیشتمان و کوردستانەکەیان زیاتر بووە بە پێچەوانەی پیلانی دوژمنانی کوردستان. سەلمێنەری ئەو ئیدعایەش ئەو بە هەزاران ڕۆڵە شۆڕشگێڕەیە کە سەنگەری خەباتیان پاش براکانیان پڕ کردۆتەوە و دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە نەوەی ئەمڕۆی ئازادی خوازی کوردستان مناڵانی زەحمەتکێشی بیست ساڵ لەمەوبەری کوردستانن کە دیتنی هەموو بێعەداڵەتی و نادادپەروەری لە دوور لە کوردستان هانی داون کە سەنگەری مافخوازی نەتەوەکەیان پڕ ڕێبوار ڕابگرن.

لە درێژەی ڕەوشی ژیان و ئازادیی باشووری کوردستان خەڵکی کوردستان درگایەکی دیکەیان بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیان بە ڕوودا کرایەوە و هیوادار بوون کە سەرەڕای هەموو سەختی و تەنگ و چەڵمە سروشتییەکانی هاتووچۆی نێوان دوو سنووری دەسکردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بتوانن لەم ڕێگایەوە نانی سەرسفرەکانیان پەیدا بکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی کە هیچکات چاوی بەرایی نەداوە گەشە کردن و هێمنیی کوردستان و خەڵکی کورد و بێ ئازاری هەژاران ببینێ و خوێنی کوردان بە حەڵاڵ دەزانێت ئەمجارەش بە بیانووی قاچاق و پاراستنی هێمنایەتیی سنوورەکان دەستی دایە کوشت و بڕی کورد و ڕۆژژمێری کوردستان لەگەڵ لەدەستدانی ڕۆژانەی چەندین مرۆڤی کورد لەلایەن هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم نەخشاوە و ڕۆژ نییە کە چەندکەس لە خەڵکی کوردستان لە ماکۆوە تا مێهران کە گەورەترین تاوانیان تەنیا پەیدا کردنی نانی مناڵەکانیانە شەلاڵی خوێن نەکرێن. کۆڵبەرانی کوردستان ئەم توێژە لە خەڵکی کوردستانن کە بە زەبری شان و باهۆزی خۆیان خەریکی کاسبی کردنن بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئەرکی سەرەکی دابین کردنی هەلی کاری بۆ ئەم خەڵکە لە ئەستۆیە، ئەوەشیان ڕەوا نابینێت و بە وەحشیانەترین شێوە بەرەورووی ئەم توێژە هەژارە دەبێتەوە.

لە ژێر سیاسەتە نازانستی و ناکارامەکانی دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕێژیم، بارودۆخی ژیانی خەڵك هەروا بەرەو خەراپتر بوون دەچێت و ئەمڕۆکە زیاتر لە ٥٠٪ خەڵکی کوردستان لە بێکاریدان و ئەو هەژمارەی کە بە ڕواڵەت کاریشیان هەیە لەبەر بێبازاری و نەبوونی داهات لە لایەکەوە و زەخت و گوشاری دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەناو شارەکان وەك شارەداری، ئیدارەی ماڵیات، ئەماکین و هتدەوە دەناڵێنن و پاش ماوەیەك لە رووی ناچاریەوە ئەو دووکان و بازاڕەش کە کردوویانەتەوە بەجێی دێڵن و ئەوانیش پەیوەستی شەپۆلی بەرینی بێکاران دەبن، ئەم بارودۆخە بەتایبەت ئەوکاتەی کە دەگەینە وەرزی سەرما و سەخڵەتی و شەپۆلی خەڵکی بێکاری ئاواییەکانیش تێکەڵی شارەکان دەبن بە چەند قات زیاتر دەبێت و ئەم شەپۆلە بەرینەش لە ڕووی بێدەرەتانییەوە روو لە کرێکۆڵی و کاری هاتووچووی نێوان سنوور دەکەن و بەم شێوەیە خۆیان دەخەنە هەموو چەشنە مەترسییەکی سرووشتییەوە تا درێژە بە ژیانیان بدەن، خاڵێکی دیکە لە هەمبەر زیاد بوونی کۆڵبەران، ئەو توێژە خوێندەوار و دەرچوانەی زانستگاکانە کە لە رووی نەبوونی هیچ هەلێکی کار روو دەکەنە کاری کۆڵبەری و هەموو زەحمەت و ماندوویەتی خوێندن و لێهاتوو بوونیان لە زانستگاکان دەبێ بخەنە لاوە و تێکەڵ بە کاروانی کۆڵبەران بن.

سەرما و سەخڵەتی، ئاژەڵی دڕندە، هەڵدێران و بەربوونەوە لە شاخ و کێو زیاد بکەن بە ترسی گوللەی هێزەکانی ڕێژیم و کەمینی لەدەستدانی گیان تەنیا بۆ پاروە نانێك و تەنیا بۆ ئەوەی بە ڕێژیم بڵێن کە ئەگەر نان پەیدا کردن سەد ئەوەندەش دژوارتر بێت ئێمە سەر بۆ ویستەکانی تۆ دانانوێنین. بەپێی ئەماری ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا، لە سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە ٥٩ کەس لە کۆڵبەران لەسەر سنوورەکانی کوردستان بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم گیانیان لەدەست داوە، ئەوە سەرەڕای هەموو ئەو زەرەر و زیانە ماددیانەیە کە بە گیرانی باری ئەم توێژە، لێیان دەکەوێ. ڕەوشی نالەباری کۆڵبەران لە ڕاپۆڕتی ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتۆکانیشدا دەنگی داوەتەوە و ئاماژەی بە بەشێك لە نەهامەتییەکانی کۆڵبەران کردووە، ڕەوشێك کە بەداخەوە نەتەنیا هیچ چاوەڕوانیەك بۆ باشتر بوونی لە ئارادا نییە، بەڵکوو بە خەراپتر بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی باری ئابووریی ئێران بەرەو ئاقارێکی نادیار هەنگاو دەنێت، گەلۆ ئاخۆ هەروەك کورد لەمێژساڵە گوتوویە لە بەدەستهێنانی بژێو و نانیشدا جگە لە چیاکانی کوردستان کەس دۆستی کورد نییە؟!.



KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 618 ▪ 7 Dec 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# هەندێک لە ئازارشکێنە باوەکان زیان بە دڵ دەگەیەنن



توێژینەوەیەک دەریخستوە، هەندێك لە ئازارشکێنە باوەکانی وەك (ئیبۆپرۆفین و دیکلۆفناك) کە بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئازار بەکار دێن، دەبنە هۆی ئازار گەیاندن بە دڵ.

بە زۆریی ئەم ئازارشکێنانە لە کاتی، ئازاری بەهێزی جومگەکان بەکار دێ تا ئازار هێور بکاتەوە.

زاناکان، تۆماری پزیشکی ٣٥٣ هەزار نەخۆشیان بەکار هێنا و ٣٣٩ لێکۆڵینەوەی کلینیکیان ئەنجامدا و تێستی ئەو ئازارشکێنانەیان کرد کە پزیشك بۆ نەخۆشی دەنوسێ بە ١٥٠م.گ دیکلۆفناك و ٢٤٠٠م.گ ئیبۆپرۆفین. ئەم زانایانە پاش چەندین ساڵ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەم دوو جۆر حەبە بۆیان دەرکەوت کە ئەم دوو ئازارشکێنە پێش لەوەیکە بەسوود بن بۆ نەخۆشی خۆیان هۆکارێکن بۆ تووشبوونی نەخۆش بە هەندێ حاڵەتی مەترسیدار وەك وەستانی دڵ.

هەر بۆیە لە ماوەی یەك ساڵدا، لە نێو هەزار نەخۆشدا کە ئیبۆپرۆفین و دیکلۆفناکیان بەکار هێناوە. بۆیان دەرکەوت کە ٣ حاڵەتی جەڵتەی دڵ و ٤ حاڵەتی وەستانی دڵ و حاڵەتێکی مردن و چەندان حاڵەتی خوێنبەربوونی گەدە زیاتر لە حاڵەتی ئاسایی رویانداوە.

# کەسایەتی خۆت لە ڕێگەی خواردنی بەستەنییەوە بناسە



توێژەرێکی ئامریکایی پسپۆڕ لە بواری بۆنکردن وتامکردن توانی لە توێژینەوەیەکدا لەرێگەی داواکاری کەسەکان بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی بەستەنی کەسایەتیان دیاری بکات.

بەپێی توێژینەوەکە، پێوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان کەسایەتی مرۆڤ و ئەو تامەی لە بەستەنیدا حەزی لێ دەکات و توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامە:

١.ئەوانەی ئارەزووی بەستەنی وانیلی دەکەن، هەوڵ دەدەن ببنە کەسایەتیەکی نموونەیی.

٢.ئەوانەی ئارەزووی بەستەنی شۆکلاتی دەکەن، زیاتر چالاك و سەرنج راکێشن.

٣.ئەوانەی بەستەنی تووت فەرنگییان پێخۆشە، زیاتر لێبوردە و بەئەمەگن.

# نان خواردن بەدەست هۆکارێکە بۆ ڕێگرتن لە قەڵەوبوونی منداڵ



لێکۆڵەران ئامۆژگارییەکی نوێی دایکان دەکەن ئەگەر دەیانەوێ پارێزگاری لە لەشی رێکی منداڵەکانیان بکەن، رێگا بە منداڵەکانیان بدەن بە دەست نان بخۆن پێش لەوەیکە ددان دەربێنن.

میدیاکانی بریتانیا ئاشکرایان کرد توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە ئەو منداڵانەی خۆراکێك دەخۆن کە بەدەست هەڵدەگیرێت بەر لەوەی ددانیان دەربێت کێشیان کەمتر دەبێت لەو منداڵانەی تەنیا بە کەوچك نان دەخۆن.

دوکتور ئیلین تاونسندی زانای دەروونناسیی منداڵ کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە وتی منداڵان ویستی کۆنترۆڵکردنی جۆری خۆراکی خۆیان هەیە و ئەوەش رێگەیان لێ دەگرێت کە قەڵەو بن.

هەروەها وتی کۆنترۆڵکردن کلیلە، ئەمە جیایە لە دانیشتن لەسەر سفرەی نان خواردن لەگەڵ خێزان لەبەر ئەوەی، ئەوە یارمەتییان دەدات بۆ دیاریکردنی ئەوەی چۆن ئەو خۆراکە بخۆن کە زۆرترین سوودی هەیە بۆیان.

جێی ئاماژەیە ئەو تیمە چاودێریی ٩٢ منداڵی کرد کە خۆراکیان بە دەستیان خواردووە وەك میوە و نان و ٦٣ منداڵیش کە خۆراکیان بە کەوچك خواردووە لە تەمەنی ٦ مانگییەوە تا ٦ ساڵی.

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی بە دەستی خۆیان خواردن دەخۆن کەمتر قەڵەو دەبن لە چاو ئەو منداڵانەی بە کەوچك خواردن دەخۆن.

## زایەڵە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی ٣)

پاش تێپەڕبوون بەسەر ١٠٠ رۆژ لە دەسەڵاتداریی حەسەن رووحانی وەك حەوتەمین سەرکۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو وادە و بەڵێنیانەی کە پێش لە هەڵبژاردنەکان دابووی بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت نەتەوەکانی ئێران، زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراویش وەك پێشووانی خۆی تەنیا بە مەبەستی فریوی بیروڕای گشتی پێش لە هەڵبژاردنەکان ژێستێکی جیابیرانەی دەگرت. ئەگینا کار و کردەوەکانی ناوبراو لە ماوەی بە دەسەڵات گەیشتنی وەك سەرکۆمار بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەیکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنیا دەمامکەکان دەگۆڕدرێت و چییەتی و نێوەڕۆکی ئەو سیستمە وەك خۆیەتی و هەر کەس لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامییدا وەك سەرکۆمار، بێتە سەر کار هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرکۆمارەکانی پێشوتری خۆی نییە و هەر وادە و بەڵێنیەکیش بدات تەنیا لە چوارچێوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا پێناسە دەکرێ.

بۆیە ئێستا ناوە بە ناوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو وادە و بەڵێنییەکانی حەسەن رووحانی دەهۆڵێکی نێوبەتاڵ بوون کە تەنیا لە دوورەوە دەنگی خۆش بوو.

ماددەی سێهەمی مەنشووری ١٠ ماددەیی حەسەن رووحانی تایبەت بە مافی نەتەوەکان:

- دانانی هێزی کارامە و لێهاتووە خۆجێیەکان لە پۆستە بەڕێوەبەرییەکانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات و پاڵپشتیی بەهێزکردن و دانی دەسەڵات و ئەسپاردنی کاروباری ناوچەیی بە ئەوان لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدا.

ئەمە وادەیەکی زۆر سەرەتایی حەسەن رووحانی بوو کە بەشێك لە بەناو رێفۆرمخوازانی کورد و تەنانەت هەندێ لە لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی، لەسەری کردیان بە هەڵا و لە میدیاکاندا دەستیان کرد بە بانگەشە کردن بۆ سیاسەتەکانی رووحانی کە گوایە بە دانانی ئۆستاندارانی کورد لە چوار پارێزگاکەی کوردستانی ئێراندا حەسەن رووحانی تابۆی سی و چەن ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەشکێنێ و پارێزگا کوردییەکان دەدرێتە دەستی کەسانی خۆجێیی ئەو پارێزگایانە و ئەمەش لە لای ئەوان هێمایەك بوو بۆ سەلماندنی ئەو بابەتەی کە لە دەوڵەتی رووحانیدا کرانەوەیەکی بەرچاو دەکرێت بەرەوڕووی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

بەڵام ئێستاکە کە ئۆستاندارەکان لە هەر چوار پارێزگای کوردستانی ئێراندا دیاری کراون و هیچ کامیشیان کورد یان خەڵکی خۆجێیی ئەو پارێزگایانە نین، ئەوە ئەو راستییەی هەڵوێستی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامیی سەلماند کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا تاکەکان توانای گۆڕینی چییەتی ئەو سیستمەیان نییە و لە سیاسەتە گشتییەکانی ئەو رێژیمەدا شوێنێك بۆ نەتەوەکانی ئێران و پسپۆڕان و شارەزایانی ئەو نەتەوانە لەگۆڕێدا نیە.